# پەرجوو



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

لاش نۆرێن

# پەرجوو

شانۆنامە

وەرگێڕانی لە سوێدییەوە:

**دلاوەر قەرەداغی**



سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی بیانی

**دانا ڕەئووف**

ناوی کتێب: پەرجوو – شانۆنامە
نووسینی: لاش نۆرێن
وەرگێڕانی لە سویدییەوە: دلاوەر قەرەداغی
پێداچوونەوە و پێشەکی: دانا ڕەئوف
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٧٨٥
هەڵەگری: فەرهاد ئەکبەری
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٧٧٩ی ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

# لە چاوەڕوانیی پەرجوویەکدا

پەرجووی لاش نۆرێن لەنێوان بوون و نەبووندا

دانا ڕەئوف

لاش نۆرێن، شانۆنامەنووسی هەرە دیاری سوێدی لە حەفتاکاندا لەژێر کاریگەری و دەروازەی شانۆنامەکانی نووسەری ئەمریکی یۆژین ئۆنێل ١٨٨٨– ١٩٥٣ دا یەکەم سەرکەوتنەکانی بەدەست دەهێنێ١، مەودایەکی فراوان، تێڕوانینێکی سەراپاگیر و مۆرکێکی سوێدی دەبەخشێ بە شانۆنامەی (سەفەری ڕۆژێکی درێژ بەرەو شەو) ی یۆژین ئۆنێل ٠٢ چێخەف دەبێتە چاوگەیەکی گرنگی قۆناخەکانی تری، پاڵەوانەکانی چێخەف لێرە و لەوێ لە بەرگێکی تردا و بە هەناسەیەکی سکاندناڤی، لە بەشێکی زۆری شانۆنامەکانی لاش نۆرێندا دەردەکەون و لە کۆتاییشدا لە هارۆڵد پینتەردا فۆرمێکی جیاواز و زمانێکی تایبەتمەند دەدۆزێتەوە.

ئەم نووسەرە لە گەشتی بەرجەستەکردنی کۆمەڵگە بۆرژوازییەکانەوە، لە هەڵوەشاندنەوەی خێزان و پەیوەندییەکانی فەرزەند و باوانەوە، لەسەر شەقام و کۆڵانە پیس و تاریک و تەنگەکانەوە، لە هۆڵی ژوورە ڕازاوەکانەوە، بۆ ناو تلیاکخۆر و بەدمەستەکان و مرۆڤە نەخۆش و دەروون شێواوەکانەوە، ژیانی ڕۆژانە تاوتوێ دەکا، گیان لە دانیشتوانی شانۆنامەکانی دەردەکا و



سەرلەنوێ و لە شوێنێکی تردا گیانیان پێ دەبەخشێتەوە.

لاش نۆرین لە شانۆنامەی پەرجوودا ماڵی ساموێیل بێکێت دەدۆزێتەوە، لە بنەماکانی ئەو شانۆیەوە، لە ئەتمۆسفێرێکی تایبەتمەندی بێکێتدا، زمانێکی تایبەت بەخۆی و وێنەیەکی سوێدی لەو بەرگە ڕەشەدا دەدۆزێتەوە. زۆربەی ڕەخنەگرە سوێدییەکان ئەوە دووپات دەکەنەوە کە لاش نۆرێن زۆر لە مێژە بە ڕێگاوەیە بەرەو جیهانە ئەبسورد و سۆفیزمە ئاڵۆز و لیریکە ڕەشەکەی ساموێیل بێکێت. پەرجووش خویندنەوەیەکی جیاواز، ئەندێشەئامێز، توندوتیژ و هەمەلایەنی شانۆنامەی بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆ وەیە.

لاش نۆرێن لە هەموو شانۆنامەکانیدا، ریالیزم و ئێگزیستێنتیالیزم و ئەوانەشی کە زیاتر لە شانۆی ئەبسورد نزیک دەبێتەوە، دەروونی مرۆڤ، حەز و هیواکانی مرۆڤ، بێ دەرەتانی و دڵەڕاوکێی مرۆڤ، گرفتەکانی بوون، ئازارەکانی تاکەکەس و مەرگ، تەنیایی، خەمۆکی و بوونی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە و هیچ سنوورێک لەنێوان ڕەشترین ڕاستییەکان و کۆمیدیایەکی بێهوودەدا ناهێڵێتەوە.

## پەرجوو باسی چی دەکا؟

هیچ شتێک لەم شانۆنامەیەدا ئاشکرا نییە، هیچ شتێک دڵنیا نییە، زمان لەنێوان ئێستا و ڕابردوودا دەسووڕێتەوە، لۆژیک دەبێتە نالۆژیک و ناتەبا دەبێتە تەبا و بیرۆکە و بۆچوونەکان لەنێو پشێوییەکی بەردەوامدا بەرجەستە دەبن. هیچ ڕووداوێک، هیچ سەرەتا یان کۆتاییەک، هیچ ژینگە و شوێنێک و هیچ زەمەن و هێڵێکی ئاشکرا بەدی ناکرێ. لاش نۆرێن لەم وێستگەیەدا و لە دووتوێی نەبوونی

ڕووداو و شوێنەوە، وێنەی کۆتاییهاتنی سارستانییەتی خولقاندووە.

سێ مرۆڤ لە شوێنێکی نادیاردا گیریان خواردووە: گەوڕێک، شێتخانە، نەخۆشخانەی دەروونی، بەندیخانە، ژووری چاوەڕوانی، دەتوانین بڵێین هەموو شوێنێکە و هیچ شوێنێکیش نییە، شوێنێک لەنێوان ژیان و مەرگدا، چاوەڕوانییش تەنیا فریاگوزار و داڵدەی ئەم کارەکتەرانەیە.

کەسایەتییەکان لەم ناشوێنەدا لە تێکۆشانێکی بێ [وچان]دان تا خۆیان بناسنەوە، تا بزانن کە ئەوان کێن، لەکوێوە هاتوون و بەرەو کوی دەچن و چین.

**کول:** (هەڵدەستێ، وەستاوە و بە سووکی دیلانێ دەکات) تۆ. [وچان] تۆ. [وچان] تۆ. تۆ ناوت چییە؟

**کییر:** ئا.

**کول:** ناوت چییە؟

**کییر:** نازانم. نازانم ناوم چییە؟

**کول:** نە بابە. نازانیت؟

**کییر:** ئا.

**کول:** باشە. [وچان] تۆ [وچان] من نازانم لەکوێم.

**کییر:** نازانیت لەکوێم؟

**کول:** نا. [وچان] من نازانم لەکوێم. [وچان] تۆ لە کوێیت؟

**کییر:** ئا... بەهەرحاڵ تۆ لێرە نیت.

ئەمەش گەڕانەوەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ بێکێت و کارەکتەرەکان لە فۆڕم و شێوازێکی تردا وەک بەند وان، بەڵام بەندی بەندیخانە نا،



بەڵکو بەندی ژیان و بەندی یاسا و بنەما کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان.

سێ کارەکتەرەکە بێ لانەن و لە تەقەللای ئەوەدان ژیانیان، بوون و گوزەرانیان بگەڕێنەوە بۆ بارێکی ئاسایی، لە جیهانێکدا کە هەموو شتەکان نادیار و نادڵنیا و نائارامە،کەسایەتییەکان لەسەر لێوارەکانی نەمان و کەوتنێکی تەواوەتیدان و لە هەوڵی ناسینەوەی خۆیاندان، لە زەمەنێکدا کە بەرەو هەڵوەشاندنەوە دەڕوا.

کارەکتەرەکان لە گیانەڵڵادان، یان لە حاڵەتێکی گیانەڵڵاوە بەئاگادێنەوە و نازانن بەرەو کوێ دەچن، هەرچەندە بەتەمەنن، بەڵام هەروەک ئەوە وایە کە تازە لەدایک بووبن.

ڕووداوەکان زیاتر لەنێوان کول و کییردا ڕوودەدات و کەسی سێیەم. لوکا، بە قوونی ڕووتەوە لەنێوانیاندا کەوتووە. ئەوان هۆشیارن بە بوونی خۆیان، بەوەی کە دەیڵێن، بەڵام زۆرجار وشەیەک، دەستەواژەیەک لە ڕستەکانیاندا بەجێ دەمێنێ، دیارنامێنێ و بەو شێوەیەش هەموو دیمەنەکە فۆڕمێکی تر لەخۆدەگرێت. هەندێک جار جگەرە دەکێشن بەبێ ئەوەی جگەرەیان بە دەستەوە بێت، یان کتێب دەخوێننەوە بەبێ ئەوەی چ کتێبێک لە ئارادا بێ، یان دەبنە جادووباز و بە پەنجە تەقاندنێک کەسێک لەو ناوەدا ناهێڵن. دنیای وەهم واقیعێکی هەستپێکراوە و ئەوان لە وەهمێکی واقیعی و ڕاستیدا دەژین.

**لوکا:** (هەڵدەستێ، یان لەسەر ئەژنۆ دادەنیشێ. پەڕەی کتێبێک هەڵدەداتەوە کە بوونی نییە، بە شتگەلێک پێ دەکەنێ کە لەوێ بوونیان نییە)

**کول:** خۆشە؟

**لوکا:**؟ ئا.

**کول:** پێت خۆشە؟

**لوکا:** ئا، نازانم خۆشە، نایابە.

**کول:** ئا، کەواتە باشە، باسی چی دەکا؟

**لوکا:** نازانم، هەر ئێستا دەستم پێ کرد. کەمێک دەیپەڕێنم.

**کول:** ئاگام لێیە. خۆ لەم ڕۆژانەدا ئەو کتێبەت خوێندەوە. ئەوە هەمان کتێبە کە لەو ڕۆژانەدا بۆی دانیشتیت و خوێندتەوە.

**لوکا:** نا، ئەو کتێبە نییە. (دەست دەداتە کتێبێکی تر کە نییە) ئەمەیان بوو.

**کول:** ئێ ئێ. [وچانێکی کورت] پێم وایە وەک یەک وان. پێم وایە یەک کتێبن.

شانۆنامەی پەرجوو، دیمەنی C٨

لەو پانتاییە چۆڵ و بەتاڵەدا وشەکان دەنگ دەدەنەوە، دەزرنگێنەوە و زایەڵەیەکی نابەجێ و ترسناک دروست دەکەن، بەڵام پیەسەکە باسی هیچ ناکا، هیچ شتێک نییە کە ناوەڕۆکێکی هەبێ، باسی شتێک بکا. دیالۆژی نێوان کارەکتەرەکان بوونی هەیە، دیالۆژێکی زۆر و بێ کۆتا کە هیچ نالێ و لەهەمانکاتدا هەموو شتێک دەڵێ و هەموو ماناکانیش لەخۆدەگرت، لەیەک کاتدا ڕوون و ئاشکرایە و زۆر گران و تەمومژاوی و نادیاریشە.

کول و کییر بەشێوەیەک لە شێوەکان ڤلادیمێر و ئەستراگۆنن و ئەم دووانە بوونیان تەنیا لەلایەن خۆیانەوە دووپات دەکرێتەوە، ئەم کەسایەتییانە ئارەزووی گەڕانەوەیان هەیە بۆ ناو سۆزی دایک،



شوێنێکی تەڕ و تاریک. ناوەکانیشیان: کول، کییر و لوکا پێ دەچێ بەکارهێنانەوەیەکی تری ناوی قوتابییەکانی مەسیح بێ.

لەم جیهانە ئەبسوردەدا، لەم شوێنە ناشوێن و ڕۆچوونی ڕووداوانەدا، ڕۆحێکی کۆمیدیا، کۆمیدیایەکی ڕەش بەنێو هێڵی ڕووداوەکاندا دەڕوا، بار و هەڵوێستە تراژیدیاکان فراوان دەکا و مەودایەکی قووڵتریان پێ دەبەخشێ. لەهەمانکاتدا مۆرکێکی شیعرئامێز لەخۆدەگرێت و بونیادی پیەسەکە نزیک دەکاتەوە لە شیعر و هەناسەیەکی لیریکی لەخۆدەگرێ. بەکورتی دەتوانین پێناسەی پەرجوو بەم شێوەیە بکەین: ئەو مرۆڤانەی کە بەتەواوەتی کۆنترۆڵیان لەدەست داوە و بەشێوەیەکی نائارام لە بازنەیەکی نادیار و ناکۆتادا دەخولێنەوە. ئێمەی مرۆڤ چاوەڕوانی چین، مەرگ یاخود فریاگوزاری، پێغەمبەرێکی تر یان پەرجووکی چاوەڕواننەکراو، ئەوەی پێویستە ئاماژەشی بۆ بکرێ ئەوەیە کە مرۆڤ لە چاوەڕوانییەکی بەردەوامدایە تا ئەو ڕۆژەی دەمرێ، مەرگیش بۆ خۆی چاوەڕوانییەکی ئەبەدیی مرۆڤە.

## پەرجوو - وەک ناوونیشان

پەرجوو، گەمەیەکی هەمەلایەنە بە زمان و بە سوێدی دەکرێ چەندین مانای جیاواز لەخۆبگرێ: پەرجوو لەیەککاتدا ئاماژەیەکە بۆ شتێک کە زۆر لە خوارەوەیە، یان بە پێچەوانەوە، هەر زۆر لە سەرەوەیە، خوارەوەی کۆمەڵگە و چینە بەپەراوێزکراوەکان یان پەرجوویەکی خواوەندی. مانای وشەکە لەڕووکاری دەرەوەی دەکرێ بە (چی لە ژیانماندا، لە زەمەنێکی دیاریکراودا ڕوودەدات و چ شتێک لە ژێرەوەیە) ئاماژەی بۆ بکرێ.

لاش نۆرێن هەر لە ڕوانگەی ئەم ناوونیشانە مەجازییەوە، لەهەمانکاتدا بەشێوەیەکی توندوتیژ و بە بێ هەست و سۆز و بە شێوازێکی کۆمیدی، لایەنە تاریکەکانی، پڕ لە کارەساتەکانی، هەروەها ئەبسوردەکانی پشتەوەی کۆمەڵگەمان پیشان دەدا. پەرجوو، وەک موجیزەش ئاماژە و ڕەنگێکی ئاشکرای ئاینی بەخۆوە دەگرێت و سێبەری خودایەک بەردەوام لە ناواخنی ڕووداو، پشتەوەی کارەکتەرەکان، وشە و دیالۆژەکاندا بوونی هەیە.

کول و کیبیر و لوکا لە چاوەڕوانیی هەموو شتێکدان: چاوەڕوانیی ژیان، مەرگ، قوتاربوون و مەسیحێکی نوێ. لەوانەیە چاوەڕوانیی هیچیش نەکەن و تەنیا لەوێدان، یان لەوێشدا نین و بوونیان نییە، بێ ناو، بێ پێناس، بێ لانە، مردوو و لەهەمانکاتدا زیندووش. کەسایەتییەکان لە چینی خوارەوەی کۆمەڵگەدان، یان چاوەڕوانی موجیزەیەکی خواوەندین، دەشکرێ بڵێین هەردووکیان، نغرۆبوون و موجیزەش.

## من- ی تاک و زەمەنی شانۆنامەکە

منەکان – لە ژیان و لە کۆمەڵگەدا هەوڵی ئەوە دەدەن کەموکووڕییەکانی بوون و پەیوەندییەکانیان بەوانیترەوە، بە کەسی دووەمەوە بشارنەوە، بەڵام لە پەرجوودا کارەکتەرەکان هیچ ناشارنەوە و هیچ شتێک نهێنی و شاراوە نییە. لەبەرئەوە کول، کبیر و لوکا، زۆر نزیک دەبنەوە، دەمامک و ڕووپۆشەکان، بەربەست و مەرزەکان دەڕووخێن و شتێک بەرجەستە دەکەن کە بۆ مرۆڤ نییە، قەدەغەیە ئەو ڕەوشانە دەرخات: واتە لەدەستدانی کۆنترۆڵ. کەی ئەو کۆنترۆڵەشمان



لەدەست دا، ئیدی دەکەوینە ژێرەوە، دەکەوینە ناو کەلاوە و پشت دیوارە بەرزەکانی کۆمەڵگەوە. کارەکتەرەکان هەرچەندە زۆر شێواو و نادیارن، بەڵام هۆشیارن، لە هەموو شتێک دەگەن، هەموو شتێکیان بینیوە و بە هەموو شتێکدا تێ پەڕیون. ئەوان بە چەشنی مەسیح گوناهەکانی ئێمەیان هەڵگرتووە، ئەو سنوورە توندوتیژەی لەنێوان ژیانی دەرەوە، سەرەوە و خوارەوەدا هەیە، لای کارەکتەرەکانی پەرجوو بوونی نییە.

سێ پیاو، سێ قوربانی، سێ جەللاد. منێک کە خەریکە دەبێت بە تۆ، بەڵام دوودڵە، لەبری ئەوە منەکان دەبنە چەندین منی تر، دەبنە ئەو و پرسیارەکانیان:" تۆ کێیت، من لە کوێم، پێڵاوەکانم لە کوێن، شەو زیاتر تاریک بووە " دیمەنەکان لە خودی پرسیاری من- ەکانەوە، ئاماژەیەکی ئاشکرایە بۆ کۆمەڵگە و ستروکتورە چینایەتی و ئاستە دەروونییە جیاوازەکان. منەکانی تریش کە لە دەرەوەی ئەو بازنە و سنوورە دیاریکراوانەوە دەجووڵێنەوە، ناتوانن گوناهەکان، یاسا دڕندەکان، جیاوازییەکان و دیوی ناوەوەی شتەکان ببینن، یان نازانن کە کێ کۆمەڵگەکانمانی دروست کردووە، هەر لەبەرئەوەشە کە ناتوانین پەنجە بۆ تاوانبارەکان ڕابکێشین، لەبری ئەوە ئێمە هەمووومان تاوانبارین و دەشبێت هەموومان پێکەوە بەرپرسیار بین بەرامبەر ئەوانی تر، ئەوانەی لاش نۆرێن لەم شانۆنامەیەدا ئاماژەیان بۆ دەکا. لەناو شانەکانی دیمەن و ڕووداوەکاندا منی تاک لە ترۆپکی جووڵە و بزاڤی وشە و ڕستە تەواونەکراوەکانیاندایە، کارەکتەرەکان لە هەوڵێکی ئەزەلی و بەردەوامی ئەوەدان کە ببینرێن، دووپاتی بوونیان دەکەنەوە و گیرۆدەی ئەوەن کە بوونیان خاوەنی کردارێکە، هەڵوێستە

و ڕەوشێکە. لەم دووڕێیانەدا، کارەکتەرەکان لە مەرزەکانی گەمەخەون و لێبوکێکی غەمگیندا دەسووڕێنەوە، لە دەرگاکانی شانۆی ئەبسورد دەدەن و شوێن پێی سامۆێیل بێکێت هەڵدەگرن. دیمەنەکان لە نێوان گەمەخەون، فۆرمێکی لێبوک ئاسا و شانۆیەکی دەربڕیندا پێکدادەچن و لە وێنەیەکی تەمومژاویدا ڕۆدەچن.

به چەشنی کۆتاییی گەمە لە پەنجەرەیەکی بەرزەوە، دەڕوانن‌ە گەردوونێکی فراوان و لاش نۆرێنیش جووڵە و بزاڤی کەسایەتییەکان لە هونەری پەیکەرتاشی نزیک دەکاتەوە و وێنەیەکی زبر و ڕەق دەکاتە پەیکەرێکی بزۆز، زنجیرە دیمەنێکی کورت، یەک بەدوای یەکدا، هەندێکیان بریتین لە چاوترووکانێک، جووڵەیەکی خێرا، ڕووناکی، تاریکی یان ڕەوشێکی برووسکەئاسا، وێنەی گوزارشتئامێز دروست دەکا و لەهەمانکاتدا دەیانڕووخێنێ.

## ئاین و سێبەری مەسیح

ڕووداوەکانی شانۆنامەکە چەندین مۆتیڤی ئایینی لەخۆدەگرن، هێڵی تێکستەکان و گەمەی زمان دەمانبەنەوە بۆ ناو کێشە و مەسەلە ئاینییەکان، مەسیح و هەندێ لە دێرەکانی ئینجیل تێکەڵاوی ورێنە و ڕەوشێکی کۆمیدی دەبن. پەرجوو لە خاڵی سیفرەوە دەست پێ دەکات و مەسیح ئازاری کارەکتەرەکان هەڵدەگرێ و پرسیارەکانی من کێم؟ من چیم؟ بۆچی من؟ لە چەمکەکانی ئاینەوە، لە سەوداییەکی نهێنییەوە، لە گەمەیەکی کۆمیدییەوە، ئازارەکانی مەسیح دەبەستێتەوە بە ئازارەکانی کییر، لوکا و کولەوە. لەم گێژاوەدا کارەکتەرەکان گەمەی لەخاچدانی مەسیح دەکەن و پەنا دەبەنە بەر وەهم و سیمبوڵەکان.



**کول:** ئا... کە وایە ئەوە لەگەڵ ئەودا بکە.

**کییر:** کێ؟

**کول:** ئا، ئەو... لەگەڵ مەسیحدا.

**کییر:** مەسیح، ئا.... نەء.... گەر من.... من دەبێ.... گەر من.... گەر من.... ئەوێی ماچ بکەم... ئەوێی ماچ بکەم... دەمی... ماچ بکەم.

**کول:** دەمی ئەو؟

**کییر:** دەمی. دەمی ئەو... لەو سەرەوە...

**کول:** لەو سەرەوە

**کییر:** [وچان]

ئەو لە خوارەوەیە.

**کول:** منیش لەوێم.. لە خوارەوەم.

**کییر:** ئەوان ئەویان داگرتووتە خوارەوە.

**کول:** هەمیشە لە خوارەوەیە. لێرە لە خوارەوە. خوارووترین لە دەمارەکاندا.

شانۆنامەی (پەرجوو) دیمەنی ٢١

کارکترەکان بەردەوام دەربارەی ژیان، مەرگ، بوو نو ئاین قسە دەکەن، هەروەک ئەوەی کە ئەو سێ کەسە دوا مرۆڤەکانی سەر گۆی زەوی بن، لە کۆتاییشدا بەرجەستەی وێنە بەناوبانگەکەی دافنشی، (دواین شێو دەکەن) و کامیان یەهووزایە، یان کامیان بۆ ڕۆڵی یەهووزا هەڵدەبژێردرێ. یەهووزا ئەو کەسە بوو کە خیانەتی لە مەسیح کرد و بەهۆی ئەو خیانەتەشەوە لەخاچ درا.

**کیبیر:** ئێستا سەیریان کە هەموو ئەوانەی ئەوێ، ئێستا پێم بڵێ پێتوایە کێ و؟ کێ؟

**کول:** بەڵێ؟

**کیبیر:** بەڵێ؟

**کول:** چی؟ ئەوە باسی چی دەکەیت؟

**کیبیر:** باسی هیچ ناکەم! ئەوە کێیە؟

**کول:** کێ؟

**کیبیر:** یەهووزا کێیە؟

**کول:** یەهووزا؟ خۆ تۆ باسی مەسیحت دەکرد.

**کیبیر:** ئا بەڵام من باسی یەهووزام دەکرد؟ کامیان لەوانەی ئەوێ ئەوە؟

**کول:** نازانم.

شانۆنامەی (پەرجوو) دیمەنی ٢١

## زەمەن و زمانی پەرجوو

فۆرم و شێوازی نووسین لەم شانۆنامەیەدا زۆر گرنگە، دیمەنی کورت لەنێوان تاریکی و ڕووناکیدا، ئەوەی ئێستا دانیشتبوو، پاش قەیرێکی تر و لەچاوترووکانێکی تردا بەپێوە، بە دیوارەکەوە نووساوە، ئەوەی نوستبوو، ئێستا جووتێک پێڵاو تاق یەدەکاتەوە، ئەوەی تریشیان، هەر وەک مردوو کەوتووە. ئاماژە و دەنگ و هەندێ جار لە تاریکییەوە ڕستە پچڕاوەکان و چۆنێتی جووڵانەوەی جەستەی کەسایەتییەکان، دەنگدانەوەیەکی فەلسەفییان هەیە، کارەکتەرەکان لەو بێ زمانییەدا، بەدوای ئەڵتەرناتیڤێکدا دەگەڕێن بۆ پەیوەندی، بۆ دیالۆگ و بۆ دووپاتکردنەوەی پێداگرتن لە بوونی خۆیان.



زۆرجار زمان دووره لە هەموو لۆژیکەکانی بەکارهێنانەوە، دووبارەبوونەوەیەکی بەردەوامە، ڕستەی کورت و پچڕ، یان وێنەیەکی مەجازییە، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێوەیەکی سەیر نزیک بووەتەوە لە زمانی ژیانی ڕۆژانە و منی تەنیا. لاش نۆرێن لەم شانۆنامەیەیدا نزیک بووتەوە لە زمانی بەدمەست و بەنگکێشەکان و ئەو زمانە تایبەتیەی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەکارهێناوە. دیالۆگەکان لە هەڵوێستە و باری جیاوازدا، چەندین مانای جیاواز لەخۆدەگرن، بەدوای پێناس و ناوی خۆیان و هەڵوێستە و ڕەوشی خۆیاندا دەگەڕێن، بەبێ ئەوەی هەست بە ماناکانی بوونی خۆیان بکەن. دیالۆگەکان تەنیا وشەی کورت و ڕستەی پچڕ و تەواونەکراو نین، بەڵکو وەستان و پچڕانی هەست و بیرکردنەوە و ڕەوشن، کارەکتەرەکان لەنێو [وچان]ەکاندا گیردەخۆن، ون دەبن و لەم حاڵەتەشدا زمان فۆرمێکی تر و جیاواز لەخۆدەگرێ و هەندێ جار دیمەنەکە بە تەواوەتی لە تاریکیدا ون دەبێ.

**کول:** هەمدیس دەستمان پێ کردەوە.

**کیبیر:** چیی؟ [ڕووناکی]

**کول:** بەمە.

**کیبیر:** بە کامە؟

[تاریکی]

[وچان]دەستمان بە چی کردەوە؟

**کول:** بەمە....

[ڕووناکی]

بەمەی کە کۆتاییی هات...

**کییر:** نازانم.

[تاریکی]

**کول:** لەبارەی چییەوە پرسیار دەکەیت؟

**کییر:** ئا، خۆت وات گوت.

**کول:** تاریکە یان ڕووناک؟

**کییر:** ڕووناک؟

**کول:** بەڕاست ڕووناکە؟

**کییر:** من باش نیم، ناتوانم دانیشم... شتێک لە کۆممدایە.

**کول:** خواحافیز.

[ڕووناکی]

[تاریکی]

**کول:** خواحافیز...

[ڕووناکی]

من چاو لێک دەنێم.

شانۆنامەی (پەرجوو) دیمەنی ١٨ A

هەندێک جار بریسکەی کورتخایەن لە یادەوەری کەسایەتییەکاندا زیندوو دەبێتەوە، وایان لێ دەکات کە وا بزانن شتێک دەزانن، بەڵام هەر زوو ئەو بریسکەیادە ون دەبێتەوە و دیالۆگەکان زۆر خێرا گۆڕانکارییان بەسەردا دێ و خەندەیەکی ئەبسورد لەخۆدەگرێ. تەقەلای ئەم کارەکتەرانە بۆ ئەوەیە مانایەک بۆ ژیان و بۆ بوونیان بدۆزنەوە، لە ڕەوش و هەڵوێستەیەکی کۆمیدیدا دەسووڕێنەوە، هەریەکەیان زمانی تایبەتمەندی خۆی و لۆژیکی خۆی هەیە، بەڵام لە



ڕووبەڕووبوونەوەکانیاندا حاڵەتێکی ئەبسورد دەخولقێنن. وێنەکان دێن و دەچن: وێنەی زمانەوانی، وێنەی وەستاو، وێنەی بێ دەنگ و وێنەی بزواو، دیمەن دوای دیمەن، هەندێکیان تەنیا چرکەیەکە، هەندێکیان پانتۆمایم و بەبێ وشەیە، تەنها وێنەیەکی کۆریۆگرافی، ڕووناکی، تاریکی، ڕووناکی و کات تێ دەپەڕێ، پرسیارەکان بەبێ وەڵام دەمێننەوە، ڕستەکان تێک دەشکێنرێن و دەبنە وێنە و میتافۆر، زەمەن وەک شێرپەنجە و ئایدز وایە، چۆن بێ و چۆن دەبێ، هەر دەڕوا.

**کول:** شێرپەنجە ئێستا تەواو شتێکی ئاساییە.. هەمو شتێک شێرپەنجەیە.. هەموو شار بریتییە.. زەمەن خۆی شێرپەنجەی خۆی هەیە.

**کییر:** ئا.

**کول:** زەمەن خۆی شێرپەنجەی هەیە.

**کییر:** یان ئایدز.

**کول:** ئەوەش هەر شێرپەنجەیە. ئەوە شێرپەنجەیە کاتێک.. کاتێک ئایدزە.

**کییر:** بەڕاست؟

**کول:** (شتێک لە دەمیدا دەردەکێشێت، تەڵە قژێکی درێژ)
ئایدز یان شێرپەنجە... ئەوە چییە! نەفرەت... چی دەکەیت!

**کییر:** نازانم... نازانم ئەوە چییە...

شانۆنامەی (پەرجوو) دیمەنی 20 B

پەرجوو، وێنەیەکی شیعرییە و گوزارشت لەو زەمەنە دەکا کە تووشی شێرپەنجە بووە، لێرەدا کورد و ئۆدیب یەکدەگرنەوە. ئۆدیبۆس دەبێتە سیمبولی لەدەستدانی کۆنترۆڵ، کوردیش بێ دەرەتانی. پەرجوو وەک

ئەوە وایە کە خەوشێک، هەڵوێستێک یان خەونێک بێت لەنێوان دیمەنەکاندا و بە ئاشکرا لە دەرەوەی هەموو زەمەن و شێوازە تەباکان، ناتورالیزم و ڕیالیزمەوەیە.

پارچە پارچەیی و بێ لانەیی کورد لەگەڵ بێ لانەیی کارەکتەرەکاندا یەک دەگرێتەوە و کوردیش دەبێتە بەشێکی گرنگی ئەو دۆزەخە. لوکا زۆر کەم ئەدوێت، ئاماژەی مردووی بۆ دەکەن و لەو بێ دەنگییەدا، بەشێوەیەک لە شێوەکان بەدوای گەوهەری ڕاستییەکاندا دەگەڕێت و نووسەریش هەندێ لە دیالۆگە گرنگەکانی بە لوکا بەخشیوە. لوکا لە زەمەنێکی جیاوازتر، بە بەراورد لەگەڵ کول و کییر دەژی، زمانێکی جیاوازتریشی هەیە و لەو پشێوییەدا زۆر بە وردی شتەکانی دێنەوە یاد، باسی کورد دەکا و دواتر دەگەڕێتەوە بۆ دۆخە نادیارەکەی خۆی.

**لوکا:** .... خەڵکی کوێیت؟ گوتی کوردستان. ئێ ئێ کوردستان ئا. پاشان گوتی ئێران. من گوتم: ئێران؟ پێمەوابوو گوتت کوردستان. ئا، باکووری کوردستان لە ئێران. دەکەوێتە ئێرانەوە. لێم پرسی: ئەدی وەزع لەوێ چۆنە. پاشان کەوتە باسکردنی ئەوەی کە لەوێ ڕوودەدا. هەڵبەت لەوێ زۆر شت ڕووی دابوو. ئەو گوتی کە سی هاوڕێی لە قوتابخانەدا هەبوون، ئێستا لەو سییە تەنیا پێنجیان لە ژیاندا ماون. سیانیان لە ئێران لە زیندانن، ئەوانە حەڤدە ساڵە لە زینداندان، دوانیشیان لە ئەڵمانیان و ئەمیش لێرەیە. ئەو حاڵی حازر لێرەیە، بەڵام دەیەوێت بۆ جێگایەک بچێت.

شانۆنامەی (پەرجوو) دیمەنی B 6



مەسەلەکانی پێناس و نەبوونی پێناس دەبێتە شتێکی گەوهەری و گرنگ و کارەکتەرەکان پێناسی خۆیان لەدەست داوە، کوردیش لەم بوارەدا بێ پێناسە، یان دوژمنەکانی لە هەوڵی ئەوەدان کە هەموو پێناسەکانی لێ زەوت بکەن. زمانیش لە خودی زەمەندا ئامرازەکانی لەدەست دەدات، لەبری ئەوە دەبێتە، یان تەقەللای ئەوە دەدا کە ببێتە زمانێکی بەرهەڵستکار، بەڵام ئامرازەکانی هەموو جۆرە پەیوەندییەکان لێکدەترازێن.

## لە چاوەڕوانیی پەرجوودا

لە دەسپێکی ئەم باسەدا، ئاماژەمان بەوە کردووە کە لاش نۆرێن دوای گەشتێکی دوور و درێژی چل ساڵی، لە ڕیالیزم و ڕیالیزمی دەروونییەوە بۆ شانۆیەکی ئێگزیستێنتیالیزم و مەسەلەکانی بوون و مەرگەوە، خۆی لە کەنارەکانی شانۆیەکی ئەبسورد، ئەبستراکت و ڕاستەوڕاست سامۆێیل بێکێتدا دەبینێتەوە.

پەرجوو لە بەردەم چاوەڕوانی گۆدۆ، کۆتاییی گەمە و ڕۆژێکی بەختیارەوە وزەکانی خۆی وەردەگرێ، بەڵام بە دەنگ و ڕەنگ و بوون و ئەتمۆسفێری تایبەتمەندی خۆیەوە. کول، کییر و لوکا وەک کارەکتەرەکانی بێکێت لە تەنیاییەکی هەتاهەتاییدا دەسووڕێنەوە، لە زەمەنێکدا دەژین بەرەو هەڵوەشاندنەوە دەچێ، زەمەنێک کە تووشی شێرپەنجە بووە (زەمەن ناتوانێ خێرا بڕوا، لەبەرئەوەی زەمەنیش شتێکی ئەبستراکتە) و زەمەن هەرگیز تەواو نابێ.

ئێستراگۆن و ڤلادیمیر لە پەرجووداو دوای سەدەیەک لە چاوەڕوانی، لە تەنیایی و لە بێ لانەیی، بەبێ ئامانج و بەبێ هیوا لە

سەرنوێلکێکدا، لە سەرەڕێگایەکدا یان لە شوێنێکی نادیاردا سەرلەنوێ یەکتر دەبیننەوە. ئێستراگۆن و ڤلادیمێر لەلای بێکێت ئامانجێکیان هەبوو، لە چاوەڕوانیدا بوون، ئەوان چاوەڕوانی گۆدۆیان دەکرد، گۆدۆ هەرچییەک بێت، هەبێت یان نەبێ، بێ یان نەیەت، ئەوە پرسیارێکی ترە. بەڵام کارەکتەرەکانی پەرجوو ئەوەشیان نییە، ئەوان بەدوای شتێکدا لە زمان و ئاماژەکاندا دەگەڕێن، بەدوای شتێکدا دەگەڕێن نە دەزانن چییە و نە دەشیدۆزنەوە، هەندێک جار بە تەواوەتی لەیەکتر حاڵی نابن و بەردەوام بەسەر سەری یەکترەوە، بەبێ بوار، بەبێ [وچان] قسە دەکەن. گەمەی لەخاچدانی مەسیحیش تەنیا سیمبوڵێکە بۆ ئازارەکانی ئەوان، ئێمە و کۆمەڵگە، کۆمەڵگە لە ڕێگای ئەوەوەی کە ببینە ئەوانی تر. سێبەرەکانمان. لەم شوێنە نادیارەدا ئێمە هەموو لە چاوەڕوانیی پەرجوویەکداین، لەچاوەڕوانیی سەرفرازی و قووتاربووونداین.

ئەوانەشی کە لەم شانۆنامەیەدا دەمانهێننە پێکەنین و پێیان پێ دەکەنین، ئەوانەن کە نامانەوێت لە ژیاندا، لە واقیعدا بیانبینین و پەیوەندیمان پێیانەوە هەبێ. ئەم شانۆنامەیە چەندین خوێندنەوە و ڕاڤەی جیاواز لەخۆ دەگرێ، ئەم هەوڵەش تەنا خوێندنەوەیەکە و دەکرێ لە گۆشەنیگای جیاوازترەوە بخوێنرێتەوە. پەرجوو خەونێکی کراوەیە و دەکرێت بە زۆر شێوە ببینرێ.

پەراوێزەکان

١– بۆ زیاتر ئاشنابوون بە شانۆی لاش نۆرێن، بگەڕێوە بۆ سەر پێشەکیی ژمارە یەکی ئەم زنجیرەیە: مۆسیقای بێدەنگ، نووسینی لاش نۆرێن و پێشەکی و وەرگێڕانی لە سوێدییەوە، دانا ڕەئوف. هەروەها پێشەکیی ژمارە نۆ: شەڕ،



نووسینی لاش نۆرێن و وەرگێڕانی لە سوێدییەوە، دلاوەر قەرەداغی و پێشەکی، دانا ڕەئوف.

٢– (سەفەری ڕۆژێکی درێژ بەرەو شەو)، یەکێکە لە دوا بەرهەمە ڕیالیزمییەکانی یۆژین ئۆنێل و لەسەر بیوگرافیای ژیانی خۆی، لەساڵی ١٩٤٦ دا نوسیوویەتی. لاش نۆرێن لە دەروازەکانی ئەم شانۆنامەیەوە، هەر دوو شانۆنامە بەناوبانگەکەی خۆی: (شەو دایکی ڕۆژە) و (پشێوی دراوسێی خوایە) نووسیون.

کارەکتەرەکان

کول

کییر

لوک

شوێنێک وەک بێ دەنگیی دوای قیژەیەک



# پەردەی یەکەم

دیمەنی ١

(کول و کییر هەمدیس تێ هەڵدەچنەوە. هەڵدەستن و دەڕۆن، دادەنەونەوە و دادەنیشن، دەکەون و هەڵدەسنەوە، بەجۆرێک بۆ پێشەوە دەڕۆن کە زۆر لەوە دەچێ بۆ دواوە بڕۆن، دەخۆنەوە کاتێ بەئاگان، بەئاگان کاتێک نووستوون، دادەنیشن و هەڵدەسن بەبێ هۆ، خۆیان دەجووڵێنن بۆ ئەوەی خەویان لێ نەکەوێ یان نەمرن، بۆ ئەوەی خۆیان لەبیرکەن، یان بۆ ئەوەی لەکۆڵ وریابوونەوە ببنەوە یان بۆ ئەوەیە کە بوونیان بە شێوەیەکی مەحاڵ بەرگەناگیرێ کاتێک کە ناجووڵێن، بەڵام خۆ جار بەجار دەبێت بنوون، کەچی ئەوان هیچ لەو بارەیەوە نازانن، پێیان وایە کاتێک دادەنیشن، دەڕۆن، دەکەون، کەچی ڕادەکشێن، هەوڵ دەدەن یەکتر جێ بێڵن کەچی بێ ئەوەی پێ بزانن دەگەڕێنەوە لای یەکتر، تەواوێک بە ئاراستەی جیاوازدا دەڕۆن، کەچی دەگەڕێنەوە هەمان شوێن، بۆ یەکەمین جار و بۆ هەزارەمین جار لە یەکتر دەنۆڕن، دەست دەنێنە سەر ئەژنۆ و هەوڵ دەدەن دەستیان بە نەجووڵاوی بهێڵنەوە، بەڵام پەنجەکانیان لەخۆوە دەکەونە جووڵە و ئامێری نەبینراو دەژەنن، یاخود کەرەستەی نەبینراویان پێیە وەک مقەست، جگەرە، قەیتانی پێڵاو، پەرداخ... هتد. یاخۆ چیرۆکی نارۆشن، بەڵام باوەڕپێهێن دەگێڕنەوە، پاڵتۆکانیان دادەکەنن، بەڵام قۆڵەکانیان دەگیرێت، پانتۆڵەکانیان دادەکەنن بەڵام بە پێوە دەنوون و

له خــەودا دەجــوولێن، پێـڵــوو لێک دەنێن، هەریەکـەیان هەوڵ دەدا ئەویتریان لە کاتی چاوکردنەوەدا لە قافدا بگرێت و ئیدی بەو جۆرە. ئەو شـوێنە شـوێنێکی تاریکە بە بێ هیچ شـتێک، هـەر دەڵێی گـەورێکە کە ئاژەڵەکانیان بۆ سەربڕین بردبێت. لە ناوەڕاستی شاردا.)

## دیمەنی ٢

**کول:** (چاوی دەکاتەوە و لە دەوروبەری خۆی دەنۆڕێ، چاوی چەپی شوختێکی پێوەیە) هەی بوودەڵەی گوواویی، هیچ شک دەبەیت؟

**کییر:** (ئەویش چاوی دەکاتەوە و تەماشای دەکات) چی؟ [وچان] کێ؟

**کول:** تۆ هیچ شک دەبەیت؟

**کییر:** [دوای وچانێک] نا، [وچان] چی شک بەرم؟ تۆ شک دەبەیت؟

**کول:** (چاوی دەکاتەوە و تەماشای دەوروبەری خۆی دەکا، چاوی چەپی شوختێکی گچکەی پێوەیە، بۆ پێشـەوە نوشتاوەتەوە و هەردوو دەستی لە نێوان ڕانیدایە، تەماشای کییر دەکات هەروەک ئەوەی کە نەیناسێتەوە و هەردووکیان هەم با ئاگان و هەم نوستوو) هەلاو... دەی. [وچانێکی درێژ] هە.... لا... و... گوێت لێیە... [وچان] ئەوە تۆیت کە؟

**کییر:** (لەسەر کەلەکە و بە گوزارشتێکی بەسۆ لە ڕوخساریدا ڕاکشاوە – هەموو ڕوخساری پارچەیەکە لە ئازار وەک ئەوەی ڕاست لەقەی لێ درابێ یان جەستەی خەریک بێ لە کونی ڕیخۆڵە ئەستوورەیەوە بێتە دەرەوە، قاچی شۆڕ یاخۆ نووشتاوە کە جار جار دەلەرزێ، کەمێک ڕوخساری وەردەگێڕێ و لە کول، کە لە بەرامبەریدایە، دەنۆڕێت بێ ئەوەی بیبینێ)



**کول:** ئا، بوودەڵەی گواوی... چی.

**کییر:** چی؟ [وچان] کێ؟

**کول:** دەڕێیت؟

**کییر:** کێ؟ [وچان] کێ؟

**کول:** ئا، تۆ. [وچانێکی کورت] بە لەعنەت بیت ئەی پێتوایە کێیە؟(پێ دەکەنێ)

**کییر:** کێیە؟

**کول:** ئا؟ نازانم. [وچان] تۆ.

**کییر:** ئەها.

**کول:**بەڵێ.

**کییر:** نا.

**کول:** نا؟ [وچانێکی کورت] ئەی ئەوە کێیە؟

**کییر:** نازانم.

**کول:** نازانم؟ نا، منیش نازانم. (ماوەیەکی درێژ تەماشای دەکات، پاشان سەرنجی بۆ لای کەسی سێیەم وەردەگێڕێ کە لەسەر لا و لەبەردەمیاندا، بە قونی ڕووت و پانتۆڵی داکێشراوەوە، ڕاکشاوە. بە جۆرێک لە جۆرەکان هەرسێکیان سێگۆشەیەک لە جەستە دروست دەکەن) ئەی کەواتە کێیە؟

**کییر:** دەمەوێ... دەمەوێ... (هەڵدەسێ، بەڵام هەمدیس دەکەوێتەوە)

**کول:** ئەوەی کە لەوێدا ڕاکشاوە... ئەوەی کە لەوێدایە.

**کییر:** من لە کوێم؟

**کول:** نا، تۆ نا، ئەو.... ئەو هاوڕێیە خۆتە، هاوڕێیەکەت دەگێی،

هاوڕێیەکەت دەگێی.

**کییر:** نامەوێت.... نامەوێ بیگێم... نامەوێت... پێم خۆش نییە....

**کول:** منیش نامەوێ، هاوڕێکەی تۆ نا، من هاوڕێکەی خۆم دەگێم، توش هاوڕێکەی خۆت بگێ.

(ڕۆ دەچێت، پاشان هەمدیس کییر دەنۆڕێت).

سڵاو. [وچان] سڵاو.... سڵاو... سڵاو... سڵاو. [وچان] گوتم سڵاو!

(باسکی چەپی بەرز دەکاتەوە، قۆڵی چاکەتەکەی خەریکە لە سەرشانەکەی دەبێتەوە، بە کاردانەوەیەکی نائاگایانە ڕایدەکێشێ، بە تیپێک پێوەی دەنووسێنێتەوە، توندتر گوشاری دەخاتە سەر، بۆ ساتێک پێوەی دەمێنێتەوە)

ئا سڵاوێک لەو پۆڵەندییە بوودەڵەیەی ئەویا بکە.

**کییر:** [دوای ساتێک]

و سڵاوی چی؟

**کول:** نا.... من تەنیا پێم وایە. ئا؟ چی تێدایە؟ [وچان]

ئا. هیچت هەیە؟

**کییر:** (بە چاوی نووقاوەوە هەوڵ دەدا هەمدیس هەستێتەوە، لە نیوە هەستاندا چاوی دەکاتەوە و تەماشای ئەو کەسە دەکات کە لە بەرامبەریدا ڕاکشاوە) چی؟

(هەوڵ دەدا شەق لەو کەسە ڕاکشاوە بدات) ئەمە چییە؟

**کول:** نا، نا.. ئەوە منم... هەلاو خۆم. [وچان] هیچ.... هەتە؟

**کییر:** ئا. (پاشان دیسان لا بۆ لای کول دەکاتەوە، لە نیوە هەستاندا،



بە هەموو لەشی ئاوڕ دەداتەوە) ئا... شک دەبەیت؟ (دەکەوێتە پێکەنین، تا ماوەیەکی درێژ پێکەنینەکەی بۆ ڕاناگیرێتەوە).

**کول:** چی شک بەرم؟ [وچان] چی شک بەرم؟ [وچان] چی شک بەرم؟

**کییر:** (لە پێکەنین دەبێتەوە) شتێک.... شتێک شک دەبەیت؟

**کول:** من نا... من لێت دەپرسم... کە

**کییر:** (بۆ ماوەیەکی درێژ لە کول دەنۆڕێت) بەداخەوە.

**کول:** بەداخەوە.

**کییر:** بەداخەوە. ئاوا. [وچان] ئاوهایە.... ئاوهەهەهەها.

**کول:** چی؟ هیچ شک نابەیت؟ چ شتێک شک نابەیت کە نەتبێت؟

**کییر:** ئا. چیت دەوێ... شتێک... هەرچییەک بێت.. بەداخەوە... ئاوهایە.

[تاریکی]

[ڕووناکی]

دیمەنی ٣

**کول:** (هەڵدەسێ، لەوەیە لەسەر ئەژنۆ بێت) هەلەو. [وچان] هەلەو

**کییر:** چی؟

**کول:** هەلەو.

**کییر:** ئەوە کەسێکە کە...

**کول:** ئەوە منم.

**کییر:** ئەی کێ؟

**کول:** کە؟

**کییر:** ئەوە تۆیت کە....

**کول:** تۆ. [وچان] تۆ، ڕاوەستە.

**کییر:** چی؟ [وچان] مەبەستت لە منە؟ ئەوە منم؟

**کول:** نازانم. (دەچرپێنێ) تۆ، تۆ کێیت؟

**کییر:** من؟ [وچان] ئاخۆ کەسێک دەپرسێت من کێم؟

**کول:** (دەچرپێنێ) ئا... تۆ کێیت؟

**کییر:** شلکێنەی پەتاتە. [وچان] چۆن؟ گەنجینەی لینین. ئەوە چییە؟

**کول:** (دەچرپێنێ) ئا. [وچان] تۆ ناوت چییە؟

**کییر:** (ئەویش دەچرپێنێ) ناوم چییە؟(تەماشای ئاراستەیەکی جیاواز لەو ئاراستەیە دەکا کە کولی لێیە) ئەرێ ئەو لەوێ ماوە؟

**کول:** ئا، لەوێیە.....

**کییر:** لێم دەپرسێت ناوم چییە.

**کول:** نا، دەپرسێت تۆ کێیت.

**کییر:** ئەها. ئا.... نا بابە. ئەوان بە کییر...... بانگم دەکەن. ئەوان بە کییر بانگم دەکەن.

**کول:** (بە تۆنێکی هاوڕێیانە) ئەها... کام ئەوان؟

**کییر:** ئەوان کاتێک کە شتێکیان گەرەک بێت. [وچان] ئا. هەموویان... هەموو ئەوانەی کە دەمناسن.

**کول:** کە دەتناسن.

**کییر:** ئەوان.

**کول:** ئێ ئێ. ئەوان.

**کییر:** ئا، ئەوان بە کییر بانگم دەکەن.



**کول:** ئێ ئێ... کەواتە تۆ ناوت چییە؟

**کییر:** کییر. [وچان] دیارە... هەر لەبەر ئەوەیە کە ئەوان بە کییر بانگم دەکەن.

**کول:** کەواتە تۆ کێیت؟

**کییر:** من تەنیا لێرە بووم.... ڕێک بۆ ئەوەی..... بۆ ئەوەی هەستم و میزێک بکەم و پاشان بڕۆم بۆ ئەوێ... بۆ شوێنێکی دوور.... ئیدی پاشان لەوێ مرۆڤ چ بۆ هەیە. ئۆ لەوێ.

[تاریکی]

[ڕووناکی]

دیمەنی ٤

**کول:** (هەڵدەستێ، وەستاوە و بە سووکی دیلانێ دەکا) تۆ. [وچان] تۆ. [وچان] تۆ. تۆ ناوت چییە؟

**کییر:** ئا.

**کول:** ناوت چییە؟

**کییر:** نازانم. ناوم چییە؟

**کول:** نە بابە. نازانیت؟

**کییر:** ئا.

**کول:** باشە. [وچان] تۆ. [وچان] من نازانم لە کوێم.

**کییر:** نازانیت لە کوێم؟

**کول:** نا. [وچان] من نازانم لە کوێم. [وچان] تۆ لە کوێیت؟

**کییر:** ئا... بەهەرحاڵ تۆ لێرە نیت.

**کول:** (دەقیـژێنـێ) من دەزانم! ئەوە دەزانم! ئەمـە ئەوەیـە کـە دەیزانم! [وچانێکی کورت، بێ دەنگتر] بەڵام من لە کوێم. من لـە کوێم؟ [وچان] (هێشتا بێ دەنگتر) توو جەهەننەم من لە کوێم...

**کییر:** چی؟

**کول:** گـوتم من لە کوێم.... گـوێت لێ نەبوو؟ [وچانێکی کـورت] من لە کوێم؟

**کـیـیـر:** (هەوڵ دەدا وەبیـری بێـتـەوە) ڕەنگ بێ... ڕەنگ بێ تۆ... (پرسیارەکەی وەبیر دێتەوە، پێی وایە کە ئەو هەستاوە و دەڕوا، دەوەستێ، لە جێگەی خۆیدا ڕادەوەستێ) تۆ لە کوێیت؟

**کول:** ئا، من لـە کوێم؟ [وچـان] (بە دەنگێکـی گڕ) تـوو جـەهـەنـنـەم، من تەنیـا دەمـەوێت بزانم لە کـوێم! (قـۆڵەکـانی چاکـەتەکـەی ڕادەوەشـێنێت، قـۆڵی لە نێـو چاکـەتەکـەدا ڕادەوەشـێنێت وەک بڵێیت شـتێک لەوێدا قۆڵی لیچکاندبێ و بەستبێتییەوە) ئاخر ئەوە شتێکی هێندە قورمساخانە قورسە؟

**کییر:** بەڵام لێ دایت نازانم!

**کول:** منیش!

**کییر:** ئاوها!

**کول:** ئاوهای چی![١]

**کییر:** ئا.

**کول:** ئا. بەڵام لێ دایت چی! [وچان]

**کییر:** (تەماشای دەکا، چاو لێک دەنێت، هەمدیس تەماشای دەکاتەوە،

(١) لەم دەقەدا ئەم دیالۆگە بە ئینگلیزی نووسراوە.



ساتێکی زیاتر) تۆ لێرە نیت؟

**کول:** با، لێـرە. (هەوڵ دەدا پێ بکەنێ) هـەڵبـەت دەبینیـت هـەی کیـسـە گوو.[وچـان] نامـبـینیت؟ تۆ من لێـرە نابینیـت؟ [وچان]، دەست ڕادەوەشێنێ) دەمبینیت؟ من.... قۆڵم دەجوڵێنم.

**کییر:** دەتبینم. من دەتبینم.

**کول:** ئیتر چی.[٢]

**کییر:** من دەتبینم. تۆ لێرە نیت. تۆ نیت.

**کول:** من نیم؟ ئەی کێ هەیە؟

**کییر:** بەهەرحاڵ تۆ نا...

**کول:** ئا... بەڵام... ئەی چی.... خۆ من قسـە دەکەم.... قسـە قسـە قسـە قسـە.. من قسـە دەکەم...

**کییر:** دە دەمت داخە، دەبینیت گەر هـەبیت.

**کول:** چی ببینم؟

**کییر:** گەر هـەبیت...

**کول:** گەر هـەبم.... چی... چی هـەبێت؟

**کـیـیـر:** بەهـەرحـاڵ دەزانم کـە من لێـرەم. (ڕادەکـشـێت) من لێـرە ڕاوەستاوم.... چ کێشـەیەکم لەگەڵ ئەوەدا نییە.

**کول:** منیش! منـیش چ کێشـەیەکم لەگەڵ ئەوەدا نیـیـە! ئـەوە تۆیت کە کـێـشـەت هـەیە... من تـەنیـا بیـر دەکـەمـەوە کـە عـەمـرنـەمـاوە کەوتبێتە کوێوە.

**کییر:** ئا، نەفرەت.

(٢) لەم دەقەدا ئەم دیالۆگە بە ئینگلیزی نووسراوە.

**کول:** ئا، تۆ ئەوێ دەبینیت. تۆ نازانیت... نایشزانیت کە ئەو عەمرنەماوە کەوتووەتە کوێوە.

**کییر:** چی؟

**کول:** ئێمە لەوێین!

**کییر:** ئێمە لەوێین؟ هەڵبەت ئێمە لەوێین.... هەڵبەت ئێمە دەنا لەوێ.... ئێمە... ئێمە، هەڵبەت.... و، ڕێک.

**کول:** ئا، وایە.[وچان] ئا، ڕێک وایە.

**کییر:** ئەمە وایە.... هەڵبەت وایە... هەڵبەت... هەڵبەت ئەوە وایە.

**کول:** ئا وایە، ڕێک وایە. [وچان] زۆر چەنەی وا قۆڕ مەدە! تۆ هەمیشە چەنەی وا قۆڕ دەدەیت.

**کییر:** من هیچ چەنەیەکی قۆڕم نەداوە... ئەوە تۆیت کە چەنەیەکی زۆر قۆڕ دەدەیت...

**کول:** من هیچ چەنەیەکی قۆڕم نەداوە... من تەنیا پرسیار دەکەم کە ئاخۆ تۆ و ئەو.... و ئەو... ئەوەی ئەوێ... ئەوەی ئەوێ کە لێرەیە... ئاخۆ لێرە بووە. ئەمە تەنیا شتەکە کە من قسەم لێکردووە. پاشان من لەوە زیاتر شتی ترم نەگوتووە. من تەنیا قسەم لەوە کردووە کە ئێمە لە کوێین... یان ئێمە لە کوێین و ئیدی شتی زیاترم نەگوتووە... پاشان تۆ یەک دنیا چەنەی قۆڕت داوە.

**کییر:** ئا، دەی با وابێت.

**کول:** گەر ئێمە لە هەر کوێ بین... باشە ئەوە چ کەڵکێکی هەیە.

**کییر:** ئا، بەڵام ئێمە لە شوێنێکین لێرە.





**کول:** وایە. تەواوە.[وچان] دەزانم. [وچان] نزیک.... نزیک... نزیک... وایە. [وچان] نزیک پارکەکە. [وچان] نزیکی پارکەکەیە.

**کییر:** تەواوە. [وچان] پارکەکە.

**کول:** دیارە ئێمە لەوێین.

**کییر:** لەوێ؟ [وچان] لەکوێ؟

**کول:** ئا. لەوێ کێرمان دەیبەست... ڕۆژنامەکان... تۆ دەزانیت... لەوێ... سەگەکان.... لەوێ. ڕێک. کاتێک. منیش ناوم کولە. [وچان] ئاوها... ئاوها زانیم... ئاوها زانیم ئەوە لەکوێیە.

**کییر:** ئۆکەی.

**کول:** دەزانم. [وچان] نزیک پارکەکە.

**کییر:** پارکەکە؟ [وچان] گوتم پارکەکە؟ وام گوت؟ [وچانێکی کورت] وام گوت.... گوتم پارکەکە؟

**کول:** کام پارکی قۆڕ؟ [وچان] تۆ لەبارەی چییەوە دەدوێیت؟

**کییر:** ئەرێ لەبارەی چییەوە دەدوێم.

**کول:** ئا... کورت و پوخت.

**کییر:** ئەرێ من لەبارەی چییەوە دەدوام؟ هەی بەڵام لێ دا لەبارەی پارکەکەوە دەدوام!

**کول:** کام پارکی لەعنەتی... مەبەستت کام پارکی لەعنەتییە؟

**کییر:** مەبەستم لەهەر پارکێکی لەعنەتییە!

**کول:** ئەها.. ئەو پارکە... ئەو پارکە دەڵێیت کە لەلای پارکی ڤاسا وەیە؟

**کییر:** چی؟ [وچان] پارکەکەی لای پارکی ڤاساوە.... هەڵبەت ئەوە پارکێکە!

**کول:** ئا، ئەوەی لای پارکی قاساوە.. من وام زانی تۆ لەبارەی پارکەکەی لای ناوەندی شار.. ئەوەی دەکەوێتە لای ناوەندی شارەوە دەدوێیت. من وام زانی تۆ لەبارەی ئەو پارکەوە دەدوێیت.

**کییر:** نا، من لە بارەی ئەو پارکەوە نەدواوم... من مەبەستم ئەو پارکە نییە.

**کول:** ئەی لەبارەی کام پارکەوە دواویت؟

**کییر:** لەبارەی ئەو پارکەوە دواوم کە لەبارەیەوە دەدوێم. [وچان] ئەو پارکەی... کە لەبارەیەوە دەدوێم.

**کول:** ئێ ئێ.

**کییر:** [دوای وچانێکی کورت] ئەرێ من لەبارەی ئەوەوە دەدوێم؟

**کول:** من نازانم تۆ لەبارەی چییەوە دەدوێیت. لە من مەپرسە. [وچان] لەو بپرسە.

**کییر:** ئەدی بۆچی؟ من لە تۆ دەپرسم... من لە تۆ دەپرسم... من لە تۆ دەپرسم.

**کول:** چیم لێ دەپرسیت؟

**کییر:** لەبارەی ئەو پارکەوە پرسیارت لێ دەکەم کە لە بارەیەوە دەدوێم... کە لەبارەیەوە دەدوێم.

**کول:** من نازانم تۆ لەبارەی چییەوە دەدوێیت.

**کییر:** من مەبەستم لە پارکەکە نەبوو... بەڵکو مەبەستم لە خە... خەس... خەستەخانەکە بوو.

**کول:** خەستەخانەکە. [وچان] کام خەستەخانەی لەعنەتی؟



**کییر:** ئا، تۆ دەزانیت.... نەخۆشخانەکە.

**کول:** نەء.

**کییر:** نەخۆشخانەکە، لەوێ ئەوانەی کە نەخۆشن.... نەخۆشەکان....

**کول:** ئەوان لەوێن؟

**کییر:** دەبێ ئەوان لەوێ بن....

**کول:** نەء، نازانم. [وچان] بەڵام لێ دا نازانم.

**کییر:** ئا، بەڵام خوا بتگرێ گوێ بگرە! من مەبەستم لە پارکەکە نییە، مەبەستم لە خەستە.... کە لەوێیە.

**کول:** ئا، دە وا بڵێ! من وام زانی مەبەستت لە پارکەکەیە، وام زانی لەبارەی پارکێکەوە دەدوێیت، لەبارەی دوودەگییەکی لەعنەتییەوە... لەبارەی گلیسرین[٣]ەوە... یان ئەوانەی کە... پێوەیە.

**کییر:** من ڕەنگبێ لەبارەی پارکێکەوە بدوێم، بەڵام مەبەستم لە خەستەخانەی تەوارییە.

**کول:** ئەی کەواتە بۆچی پێشتر لەبارەی پارکەوە دوایت.

**کییر:** خۆ من لەبارەی هەرچ شتێکەوە بمەوێ دەدوێم... تۆیش دەتوانیت لەبارەی هەرچ شتێکەوە بتەوێ بدوێی.

**کول:** من نامەوێ لەبارەی هیچ شتێکەوە بدوێم. [وچانێکی درێژ] ئێستا ئێمە لەوێین؟ ئێستا ئێمە لەوێ بووین؟

**کییر:** لەکوێ؟ [وچان] لەکوێ؟

**کول:** ئا،... ئەوەی تۆ لەبارەیەوە دەدوێیت... ئێستا ئێمە لەوێین.

---

(٣) Glycerin: ماددەیەکە لە زەیت دەردەهێنرێت.

**کییر:** بەڵام لێ دا من زۆر باش نازانم تۆ لەکوێیت! من خەریکی ئەوە بووم بزانم لە کوێم، بە خاڵ و فاریزە و هەموو شتێکەوە! بەڵام لێ دا من زۆر باش نازانم تۆ لەکوێیت!

**کول:** هەروەها منیش! (دەستێک ڕایەڵ دەکا و دەیەوێت بیخاتە سەر شانێک) من وام زانی لە پارکەکەین بەڵام ئەوەتاین لە خەستەخانەکە... وەک خۆت... گوتت.

**کییر:** کام خەستەخانەی لەعنەتی.... کام خەستەخانەی لەعنەتی؟ [وچان] من نە تەبەڵییم هەیە و نە هیچ. نە نەخۆشم و نە هیچ. خۆت. [وچان] هەی بەلات لێ دا ئەوە باسی چ دەکەیت؟

**کول:** لەبارەی هەچ شتێکەوە نادوێم. ئەوە تۆیت کە لەبارەی شتێکەوە دەدوێیت. بەڵام ئەرێ تۆ. [وچان] تۆ... هیچت هەیە؟

**کییر:** نا. هێشتا نا.... ها ها.

**کول:** گوتت چی؟

**کییر:** پێ دەکەنم. [وچان] بە جەهەننەم.

**کول:** گوتت نا؟ [وچان] گوتت نا، وات گوت؟

**کییر:** ئا. ڕێک. [وچان] گوتم نا.

**کول:** کەواتە تۆ وات گوت.

**کییر:** ئا.

**کول:** ئەدی لەوەوبەر دەتزانی؟

**کییر:** کەی؟

**کول:** لەوەوبەر دەتزانی؟ کەی زانیت؟

**کییر:** بەڵام لێ دا چۆن ئەوەم زانیبا. [وچان] دووکەڵ لە کەپووتەوە



دێتە دەرێ. [وچان] لەبارەی ئەوەوە دەزانیت؟

**کول:** جا ئەوە چییە؟

[تاریکی]

[ڕووناکی]

دیمەنی ٥ A

**کول:** (لەسەر ئەژنۆ دانیشتووە، ئاماژە بۆ ئەو پیاوە دەکا کە لەبەرامبەریاندا بە پانتۆڵی داکێشراوەوە ڕاکشاوە. پیاوەکە ڕەنگە تەمەنی ١٩ ساڵ بێت) ئەوە کێیە... ئایا ئەم پیاوەی ئەوێ.... کە لەوێیە و..... ڕاکشاوە؟

**کییر:** کێ... چیی؟

**کول:** ئەوەی کە لەوێدا ڕاکشاوە... کێیە؟ [وچان] کێیە دە؟

**کییر:** بۆ کەسێک لەوێدایە.... ڕاکشابێ؟ [وچان] ئەوە کێیە؟

**کول:** بەڵێ؟ [وچانێکی کورت] قسە بکە.

**کییر:** ئا... باشە بەرلەوە لە کوێ ڕاکشابوو.

**کول:** ئەوە نازانم... تەنیا ئەوە دەبینم کە ئێستا لەوێ ڕاکشاوە.

**کییر:** ئێ ئێ... چەندێکە لەوێدا ڕاکشاوە... ئەوەی تریان نا... کە ڕەنگە زیاتر لەوێ بووبێت.

**کول:** نازانم چەندێکە لەوێدا ڕاکشاوە.

**کییر:** دەی ئەویتر لەوێدا ڕانەکشاوە.... لەجێگەیەک لەگەڵ.... بۆ ئەو.

**کول:** بەڵێ؟

**کییر:** کێیە؟

**کول:** منم.

**کییر:** نەء، ئەو، نەء بەڵام ئەو.

**کول:** بەڵام لێ دا چۆن بزانم کێیە؟ بەڵام لێ دا چۆن بزانم کێیە کە پیاو تەنیا هەر قوونی دەبینێت و هیچیتر.

**کییر:** چەتەیە؟

**کول:** گوتم قوون نەک چەتە(*)... من گوتم تەنیا قوونی دەبینم... من قوونێک دەبینم، نازانم ئەو قوونە هی کێیە... یان چییە. بۆ تۆ پێتوایە من کێم؟ [وچان] خوا.

**کییر:** لەو بپرسە.

**کول:** چیی؟ [وچان] چیی لێ بپرسم... لێی بپرسم من خوام... گەر من خوا بم ئیتر هەڵبەت پێویست ناکا لەو بپرسم ئاخۆ من خوام؟ ئەوسا دەشمزانی ناوی چییە.

**کییر:** ئا. دەتوانیت لێی بپرسیت ئەو قوونە هی کێیە.

**کول:** نا. [وچان] حەز ناکەم. [وچان] ڕەنگە مردبێت.

**کییر:** ڕەنگە بژی.

**کول:** بژی؟ [وچان] جا ئەوە ناو دەنێیت ژیان؟ [وچان] ئاوها لەوێدا ڕاکشێیت... ئاوها لەوێدا وەک ئەو بکەیت.... ڕات چییە؟

**کییر:** ڕات چییە؟

**کول:** من هیچ ڕام نییە.

**کییر:** ئەی پێت وایە ئەو زیندووە یان مردوو؟

---

(*) لە سویدییەکەدا، هەردوو وشەکە لە گۆکردندا لەیەکترەوە نزیکن. بەڵام دوو مانای لێک جیاوازیان هەیە. وشەی Rövareیش بەمانای چەتەوە دێ.



**کول:** جیاوازیی چییە؟

**کییر:** ئا.

**کول:** لە مەسەلەکەی ئەودا.

**کییر:** ئا، ڕێک وایە.... جیاوازیی چییە؟

**کول:** ئا.

**کییر:** لە مەسەلەکەی ئەودا. بۆ ئەو.

**کول:** ئا، ڕێک منیش هەمان شتم گوت. مرۆڤ نازانێ ئاخۆ مردووە یان دەژی.

**کییر:** ئا. (سەری بە دیوارەکەدا دەکێشێت) ئا... تۆ دەزانیت خەڵکانێکی ئاوها بوودەڵەی هیرۆینیی وەک ئەمە تەنیا کاتێک دەژین کە مردبن. چ مردبن یان زیندوو ئەوانە وا ڕاهاتوون کە لەسەر ڕێگاکان بکەون. ئەوانە کاتێ بنیام بەلایاندا تێبپەڕێ و خاوەن مەسەلەیەک بێ و جارێک لە جاران، بۆ نموونە لە پارکێک یان بیەوێ بە ئیسراحەت دانیشێ یاخۆ بە ئیسراحەت ڕاکشێ، ئەوا ئەوانە وەک خنکاوێک خۆیان بە ملیدا هەڵدەواسن، لە چەقی ڕێگەکەدا ئەژنۆ لەسەر سنگی کەسێک گیر دەکەن و وەک خنکاوێکی قورمساخ، مەسیح ئاسا سەرەوخوار.

**کول:** چی سەرەوخوار؟

**کییر:** ئا، مەسیح، لەسەر خاچەکە، لەخاچدراو.... ئەو کەسەی بۆنی ئارەقەی لێ دێت، ئەو کەسە پاڵتۆ لەبەرەی کە بۆنی ئارەقەی لێ دێت، ئەو بن باخەڵی پاڵتۆکەی بۆنی ئارەقەی لێ دێت، ئەو لەوێدا بە پاڵتۆکەیەوە هەڵواسراوە... نونو.

**کول:** چییەتی؟

**کییر:** ناوی نونو نییە؟

**کول:** کێ؟

**کییر:** ئەوەی کە بە پاڵتۆکەیەوە هەڵواسراوە، ناوی نونو نییە؟

**کول:** چییەتی؟

**کییر:** کێ؟

**کول:** ئەو... نونو... ئەوەی کە لەبارەیەوە دوایت... چییەتی؟

**کییر:** هیچی نییە. چییە کەڕیت؟ بەڵکو هەڵواسراوە. بە پاڵتۆ زلەکەیەوە.

**کول:** چی هەڵدەواسرێت؟ ئەو لێرە هەڵدەواسرێت؟ بۆ کەسێک لێرە لەم دەوروبەرە هەڵدەواسرێ... نابێ لێرە هەڵواسرێت.

**کییر:** لەسەر خاچەکە، ئەو لەخاچدراوەی کە لەسەر خاچ هەڵواسرا. ئەو کەسەی جارێک لە جاران، بەو شتەی کە بزماری پێ دەڵێن بە خاچدا داکوترا، نازانم کەی، من ئاگام لێ نەبوو. من کە زانیم سەرخۆش بووم، سەرخۆش بووم کە بەم چاوانەی خۆم بینیم، بەڵام ئێستا تەنیا بیستوومە، ئەوە تەنیا شتێکە کە لەبارەیەوە بیستوومە، ئەوە قسەوقسەڵۆکە، دەزانیت، بنیام شتێک دەبیستێت کە یەکێکی تر دەیکات، هەڵبەت بنیام دەشتوانێ قسەیەک ببیستێت کە خۆی بیڵێت... ئا، بەهەرحاڵ... بەڵام ئێستا کەسێکی تر لەم بارەیەوە قسەی کردووە، ئەوان بزماریان بە دەست و قاچیدا داکوتی، بەجۆرێک کاتێ پاشان لەوێ ڕۆیشت. جۆرێک ئاو بە ئەرزەکەوە بوو، جۆرێک گۆمی پڕ لە ئاوی کۆن بە جۆرێک کە ئاوەکە پرشنگی



بچووکی ڕاستەقینەی لەسەر قوڵکەی پێی دەدا.... دەی من باسی ئەو کەسە دەکەم... باسی فیچقەکەرەکە... هەڵبەت ئەوان سەربەرەوخوار لەسەر خاچەکە هەڵیان واسی، پاشان خاچەکەی لەسەر پشتی هەڵگرت و لەوێ ڕۆیشت... بۆ جێگایەکی تر، نازانم بۆ کوێ. نا، یەکەم جار ئەو خۆی خاچەکەی لەوێ هەڵگرت. پاشان خاچەکە ئەو.

**کول:** چی دەکا؟

**کییر:** چی دەکا؟ [وچان] مەبەستت ئەوەیە خەریکی چییە... چ ئیشێک دەکا و ئیتر ئاوها.... ئەو خوایە. جیهان دەگۆڕێ.

**کول:** ئا، تەنیا بزانە بەچی دەگا. نا.

**کییر:** چی نا؟

**کول:** نا.... نازانم مەبەستم چییە. بۆم نایەت.

**کییر:** دەبێ چی بکات؟ گەر بنیام سەرەوخوار هەڵواسرێت ئەوا درەنگ یان زوو هەر بەردەبێتەوە... هەڵبەت ئەمە ئەو شتەیە کە مرۆڤ دەیکا. هەڵبەت ئەمەیە گۆڕانەکە.

**کول:** نا ئێستا بۆم هات مەبەستم چی بوو.. مەبەستم هیرۆیینستەکەیە. مەبەستم ئەوەیە چی دەکا؟

**کییر:** چی دەکات؟ ئا، لە من مەپرسە.

**کول:** ئۆکەی.

**کییر:** بەڵام لێ دا چۆن ئەوە بزانم.... کە من تەنیا قوونی دەبینم. گەر قوونەکە بە کەسێکەوە بووایە ئەوا من لە دیوەکەی ترەوە، لەو دیوەوە دەمبینی، بەڵام من ئێستا هەروا ئاسان کە لێرەدا دانیشتووم ئەو دیوەی تر نابینم چونکە لە دیوەکەی ترەوە

پێیەوەیەتی... گەر کوتوپڕ لا نەکاتەوە بەڵام پێ ناچێ وا بێت گەر بەو شێوەیەی کە من بەو ئاسانییە پێم وابێ کە ئەم قورمساخە هیرۆینیستە نووستووە یان مردوو بەو پارچە قایشەی قۆڵ و شرینقەیەی ئەوێ، بە ڕانیدا ڕۆبراو، بەختەوەر وەک منالێک لەبەر ئەوەی نازانێ، کە هەمدیس بۆ ژیان دەگەڕێتەوە، دەزانیت، یان دەمرێت یان چی پێ دەڵێن... ڕووناکیی مەزن. هەڵبەت تەواو دەیانبەستێ، ئەوان کە مردوون، دەزانیت، ئەوان لە شوێنێک ڕەقهەڵاتوون، هەموو شتێک تیایاندا دەیبەستێ، چاو، نیگا، مووی لووت، قژ، پێڵووی چاو، پێڵاو، گۆرەوی، پەنجە، گوو دەیبەستێ، بیرکردنەوە دەیبەستێ، فرمێسکەکان بگەنە سەر زەوی دەیبەستن.

**کول:** کام گوو؟

**کییر:** کام گوو؟ [وچان] ئەو گووەی کە لە ڕیخۆڵەمدایە.

**کول:** من گووی تۆ نیم... تۆ گووی خۆت بۆ خۆت. [وچان] ئێستا ئەو چی دەکا؟

**کییر:** ئەو؟ [وچان] هەر وەک جاران. هیچ شتێک.

**کول:** ئەدی بۆ؟

**کییر:** لەخۆی بپرسە.

**کول:** گەر ئەوەندە قورمساخ بێت با لەخۆی بپرسێت. (بە هەڕەشەوە، هەڵدەستێ)

**کییر:** چیی؟ [وچان] چیی لێ بپرسم گەر ئێستا.... پەنا بە شەیتان خۆت لێی بپرسە!

**کول:** چی لێ بپرسم؟ خۆ من نازانم کێیە!



**کییر:** سەبارەت بەو بەشە منیش نازانم تۆ کێیت. ئەدی تۆ کێیت، تۆ کێیت، تۆ کێیت؟

**کول:** من... من... من.... دەبێ ئێستا بڕیاری ئەوە بدەم؟ بەڵام من نەمپرسیوە من کێ.... گوتم ئەو کەسە کێیە کە لەوێدا ڕاکشاوە... دەزانم من کێم... تۆ دەمناسیت... تۆ منت بینیوە... تۆ لەمەوبەر منت بینیوە... بۆیە لە من مەپرسە، لەو بپرسە... لەبری ئەوە لەو بپرسە کێیە.

**کییر:** ئەمە شتێکی هێندە قورمساخانە گرینگ نییە.

**کول:** نا، منیش هەروا دەڵێم. [وچان]

دیمەنی ٥ B

**کول:** هەلاو. [وچان] هەلاو! [وچان] هەلاو، پەنا بە شەیتان!

**کییر:** ئەرێ ئێستا چی بووە؟

**کول:** بانگی ئەو دەکەم نەک تۆ.... ئەدی بۆ دەبێ بانگی تۆ بکەم؟

**کییر:** (چاکەتەکە لەخۆیەوە دەپێچێ تا گەرمی بێتەوە) ئەدی بۆ دەبێ بانگی ئەو بکەیت؟ بۆ دەبا بانگی ئەوت کردبا؟

**کول:** بۆ ئەوەی گەر زیندوو بێت تا داوای لێ بکەم کە بەرەو دۆزەخ بچێت و لێرە ڕانەکشێت. گەر زیندوو بێت خودام کرد بە گژیا تا لێرە لەسەر ئەم جێگەیەی من ڕانەکشێت. ئەدی بۆ دەبێ ڕێک لێرە لەم جێگەیەی مندا ڕاکشێت؟ ئەم زەلامە تەنیا ئیشی شێواندنی خوومەکەیە، وەک بڵێی لەوێدا ڕاکشابێ و بزانێ خەڵکانی تر خەریکی چین. ئەو ڕۆحی ئەو خەڵکە میهرەبانانە دەبا و دەیانترسێنێ و خۆ ئەگەر ڕۆحیان نەبا و نەیانترسێنێ،

ئەوا گەر کاتی گونجاو بێ و بنیام داوای شتێکیان لێ بکات، بۆی هەیە بیدەن، تەنیا هەر ئەوەندەیە کە بنیام ڕاست بێت و دەست ڕایەڵ بکا و بە شێوەیەکی ڕاست تەماشایان بکا... بەڵام ئەوەتا ئێستا ئەوانە ناوێرن ڕاوەستن، بەڵکو بە هەموو هێزیان ڕەت دەبن، ئاخر کێ دەیەوێ مردوویەک قسەی لەگەڵدا بکات، کێ دەیەوێ لەگەڵ مردوویەکدا ببینرێ و وەڵامی پرسیار بداتەوە، چ جای ئەو کەسەش مردوو نەبێ، بەڵکو تەنیا کەسێکی ئاڵوودە بە هیرۆیین بێ، کێ حەز دەکا شتێک بداتە کەسێکی قورمساخی ئاوهای ئالوودە بە هیرۆیین؟

**کییر:** من نازانم بۆ ئەوانە حەزیان لە شتێکە.

**کول:** هەلاو!

**کییر:** قەپۆزت داخە. بێزارم مەکە من هەوڵ دەدەم بیر بکەمەوە... هەر کە دەقیژێنیت هەلاو ئیتر من ڕیسەکەم لێ دەبێتەوە بە خورێ و دەبێ سەرلەنوێ بیر بکەمەوە.. بیر لە هەموو شتێک... بیر لەمە.. لە.. لە دونیا.... گەر شتێک هەیە و من لەبیرم کردبێ....

**کول:** هەلاو، بەڵام لێی دا، دەڵێم هەلاو! [وچانێکی درێژ] نا، وەڵام ناداتەوە.

**کییر:** وەڵام ناداتەوە؟

**کول:** هەڤاڵەکەی... گووی کردووتە ئێمە.

**کییر:** هەڤاڵە دێرینەکەی.

**کول:** هەڤاڵە دێرینەکەی جاری جاران... گووی کردووتە ئێمە... دەی منیش گووی تێ دەکەم.

**کییر:** ئێمە گووی تێ دەکەین.



**کول:** ئێمە گووی تێ دەکەم.

**کییر:** چاکە.

**کول:** وا دەکەین.

**کییر:** ئێستا ئێمە ئەومان بیری خۆمان بردەوە.

**کول:** هەر تەواو.

**کییر:** ئیتر لەوە زیاتر لەبارەی ئەوەوە نادوێین.

**کول:** لەبارەی ئەوەوە نا.... یەک وشەی زیاتریش نا... ئێستا ئێمە لەوە زیاتر لەبارەیەوە نادوێین.

**کییر:** ئێستا ئەو با بۆ خۆی لەوێدا ڕاکشێ.

**کول:** قوونەوتلۆر.

**کییر:** ئەوە چ پێوەندییەکی بە ئێمەوە هەیە؟

**کول:** یەک گوویش نا.

**کییر:** وایە.

**کول:** نا، یەک گوویش نا.

**کییر:** نیشانەیەک بۆ گوویەک نا.

**کول:** وایە. [وچانێکی درێژ] ئەو دەبێ کەوتبێ.

**کییر:** دەبێ.

**کول:** جارێک لەجاران.

**کییر:** چۆن ئەمەت زانی؟

**کول:** لەبەرئەوەی ڕاکشاوە. ئەو ڕاکشاوە. ئەو ڕاکشاوە.

**کییر:** لەمەیاندا ڕاست دەکەیت.

**کول:** گەر من ئاوها ڕاکشامایە وەک بڵێی.... بەو شێوەیە، ئەوا گەر

بانگم بکردایە ئەوا وەڵامم دەدایەوە... گەر کەسێک ئەوەندە قورمساخانە میهرەبان بووایە و بانگی بکردمایە... ئەگینا دەمردم و ڕەق دەبوومەوە یان هەر بوودەڵەیەک کەسێکی دەکوشت و میزی بە کەسێکدا دەکرد وەک ئەوەی کە ڕاهاتوون وا بن ئیدی چ مردوو بن یان زیندوو.

**کییر:** بەڵام ئێستا ئەو وەڵام ناداتەوە.

**کول:** لەگەڵ ئەوەشدا من هاوار دەکەم.

**کییر:** شتێکی تێبگرە.

**کول:** تێی بگرم؟ [وچان] چی، چی تێب گرم؟ [وچان] هیچ شتێکم نییە تێی بگرم.

**کییر:** هەڵبەت دەبێ هەر شتێکت هەبێ؟

**کول:** هیچ شتێک. هیچ شتێکم نییە کە بمەوێ تێی بگرم، مەبەستم ئەوەیە کە بتوانم تێیبگرم. ئەوەی هەمە حەز دەکەم بمێنێت. دەتوانم تۆی تێی بگرم.

**کییر:** (لەدەوروبەری خۆی دەنۆڕێ) ئەمە... یان ئەوە.... یان ئەمە.... یان ئەو قوتووە...

**کول:** ئەوە هەڵبەت تەنیا کوپێکە. هەر بە خەیاڵیشیدا نایەت.. ئەوە جۆرە کوپێکی باغەیە، جۆرە کوپێکی باغە کە لە ماکدۆناڵدز یان لە بورگێرکینگ(٤) قاوەی تێدا دەخۆنەوە.

**کییر:** یان لە سێڤێن ئێلێڤێن.

**کول:** یان لە سێڤێن ئێلێڤێن.

**کییر:** بورگێرکینگ لە هەموویان باشترە.

---

(٤) چێشتخانەیەکی جیهانی تایبەت بەهەمبەرگر.



**کول:** لەچیدا؟

**کییر:** لەوەی کە هەیانە، لەوەی کە دەیفرۆشن، لەوەی کە لە دووکان یان شوێنەکانیاندا دەیفرۆشن... لەوەدا لە هەموویان باشترە.

**کول:** کەی بۆ دوایین جار لەوێ بوویت؟

**کییر:** دوایین جار؟ چۆن؟

**کول:** نا، تەنیا دەمەوێ بزانم تۆ چۆن چۆنی ئەم حوکمە دەدەیت... ئایا ئەو حوکمەت لە ئاکامی ئەزموونەوەیە یان لەبەر ئەوەی گوێت لێ بووە کە کەسێک وا دەڵێ و لە کەیەکەوە.

**کییر:** لە کەیەکەوە گوێم لێ بووە کەسێک ئەوەی گوتووە؟

**کول:** ئا، ڕێک.

**کییر:** چییان گوتبێ؟

**کول:** ئەوەی کە لە هەموویان باشترن، ئەوەی کە بورگێرکینگ لە هەموویان باشترن.

**کییر:** لە چیدا؟ من ساڵانێکە گوێم لە هیچ کەسێک نەبووە گوو بخوا.

**کول:** ئەی چەندێک دەبێ تۆ لەوێ نانت خواردووە... لە بورگێرکینگ؟

**کییر:** ئا، نازانم... نازانم چەندێکە، بەڵام قەیرێک لەمەوبەر... ماوەیەک لەمەوبەر... کاتێک کە شتێک پارەم پێ بوو ئەوسا توانیم خۆمی پێدا بکەم و شتێک بخۆم، هەپی مێلێک... شوێنێک بوو لەم خوارەوە لە شەقامی ڤاسا... لە سووچی شەقامی مەلیک... پاشان بەرەوخوار بوومەوە بەرەو ناوەندی شار و قەیرێک... قەیرێک لەوێ چاوەڕێم کرد و پاشان بەرەو خوار بوومەوە، نا، سەرکەوتمە سەر یەکێک لە سەکۆکانی وێستگەی قەتار، تەماشای بەرمیلە زبڵەکانی ئەوێم کرد. هەڵبەت من سەر بەم

دونیایە نیم.

**کول:** بێ لەوەش پەرداخی باغە لەو شوێنانەشدا نییە... بەڵکو پەرداخی سەفەرییان هەن، شتی سەفەری، ئەوانە باغە نین. ئەوە لە بناغەدا جۆرێکن لە پلاستیک، نەوعێک لە ژینگەدۆستی، ژینگە دۆستتر لە پلاستیک، کە ڕەفتاری دۆستانە بێت لەگەڵ ژینگەدا، بۆیە بنیام ناتوانێ بڵێ کە تۆ..... من ئەم قاوە قۆڕە ناخۆمەوە. تامی گوو دەدا. بۆنی گووی لێ دێ. بەڵام لێی دا بیڕێژە، بێ زەحمەت بیڕێژە.

**کییر:** کامیان.... هەڵبەت دوو کوپن.

**کول:** ئەم یان ئەو، یان ئەمیان یاخود ئەوەیان.

**کییر:** ئەم گەورەیەیان؟

**کول:** کامیان گەورەترن؟ هەڵبەت بەقەد یەک گەورەن. هەڵبەت هەمان کوپن، هەمان جۆری کوپن.

**کییر:** ئا، بەڵام من نازانم.

**کول:** بەمەیان دەست پێ بکە و دواییش ئەوەی تریان برێژە... یان بیگۆڕە.

**کییر:** ئا، بەڵام بۆچی دەبێ من شتێک فڕێ بدەم؟

**کول:** چونکە تۆ خۆت گوتت کە دەبێ بنیام شت فڕێ بدا، چونکە هەر لە سەرەتاوە ئەوە بیرۆکەی خۆت بووە، هەر لە سەرەتای سەرەتاوە. ئەوە بیرۆکەی بنچینەییت بووە، ئەوە چەمکی تۆ بووە.

**کییر:** ئەوە نە بیرۆکەیە و نە هیچ. من خاوەن هیچ بیرۆکەیەک نیم، قەت ناخوازم ئەوە ناوبنێم بیرۆکە. ناویشی نانێم چەمک. تەنیا



دەمەوێ نەختێک یارمەتیی ئەو بدەم، یارمەتییەکی پوخت و دیار. دەمەوێ نەختێک ژیانی بکەمەوە بە بەردا، وای لێ بکەم هەست بە هەڵوێستی خۆی بکات، وای لێ بکەم کە خۆی و ڕەوشی خۆی بدۆزێتەوە.

**کول:** وای لێ کە کە قوونە قوڕمساخەکەی بدۆزێتەوە.

**کییر:** ئا، تەماشای کە، تەماشای قوونە قوڕمساخەکەی... بەرلەوەی درەنگ دابێت، سووک و ئاسان قوونی ئازادکە و مناڵەکەی تێدا ببینە. تا بڵێیت ئاسان.

**کول:** ئەوە باشە. تەنیا ئەوەیە کە بنیام بزانێ چ دەکا. مرۆڤ پێویستە بزانێ بۆچی شت دەکا. مرۆڤ پێویستە بزانێت بۆچی دەبێ خۆی لە قووندا ببینێت. مرۆڤ پێویستە بیرۆکەیەکی ڕۆشنی هەبێت بەرلەوەی شتێک بکات... بنیام پێویستە بزانێت چ شتێک لە ژێرەوەیە... دەنا بنیام دەبێتە.... یەک... یەک کۆنەپەرست.. دەبێتە ساختەچی... دەبێتە کەسێک کە میزی پێدا دەکا.... دەنا هەر تەنیا زەبروزەنگ و مەی و گوو دەبێت. دەی ئێستا فڕێیدە.

**کییر:** فڕێی دەم؟

**کول:** ئا... تا بزانین چ ڕوو دەدا... نەک لەبەرئەوەی باوەڕم وایە شتێک ڕوودەدا، بەڵام بەهەرحاڵ... شتێک هەر ڕوو دەدا.

**کییر:** دەی ئێستا فڕێی دەدەم. (فڕێی نادا)

**کول:** ئەوە چی دەکەیت؟

**کییر:** نازانم... ویستم فڕێی دەم بەڵام نەمتوانی. بە هەموو هێزم هەوڵم دا. هەموو گوڕی خۆم خواردەوە... بەڵام نەمتوانی...

نەمتوانی فڕێی دەم. بێ پێچ و پەنا ناتوانم. من دەبێ هۆکارێک شک بەرم. دەبێ ئەنگیزەیەکم هەبێ. دەبێ ئامانجێکم هەبێت یان ناوی چییە، دەبێ شتێک شک بەرم! دەبێ شتێکم هەبێ! دەبێ شتێکم هەبێ!

**کول:** چی؟

**کییر:** (بێدەنگتر، نائومێد) دەبێ شتێکم هەبێ.

**کول:** ئا....

**کییر:** ئا، بەڵام من هیچم نییە. [وچان] هیچم نییە.

**کول:** فەرامۆشی کە.

**کییر:** ئۆکەی. (کوپێکیان فڕێ دەدا، بەڵام پیاوەکە ناجووڵێ)

**کول:** ئێ فڕێی دە، یان لێ گەڕێ.

**کییر:** پێشتر فڕێم دا...[وچان] هیچ رووی دا؟

**کول:** هیچ شتێک... بێگومان هیچ شتێک... ڕێک وەک گوتم. [وچان] نەتپێکا... ئەمە ئەوە بوو کە ڕووی دا.

**کییر:** با پێکام. ڕێک پێکام، بەڵام ئەو بەخۆی نەزانی. هەڵبەت پێکام. هەستم بە دەستم کرد کە پێکام. مرۆڤ کە شتێک دەپێکێ هەست بە دەستی دەکات. ئەوە وەک سیگناڵێک وایە، وەک ژێیەک کە دەپچڕێ، وەک ژێیەک وایە کە دەپچڕێ.

**کول:** بەڵام ئەو هەستی بە هیچ نەکرد.

**کییر:** ئەوە خەتای من نییە.

[تاریکی]

[ڕووناکی]



دیمەنی ٦

**لوکا:** (لە سەر ئەرزەکە ڕاکشاوە، نیو پێچ بە دەوری خۆیدا دەکاتەوە، پاشان دەکەوێ و لەسەر پشت ڕادەکشێ. باسکی چەپی لەژێرەوە دەخزێ و لەلای سەریەوە ڕایەڵ دەبێ).

**کییر:** (لە تاریکیدا هەڵدەستێ، بە کاوەخۆ دوو هەنگاو دەنێ، جگەرەیەک بەدەستێکیەوەیە ئەوە سێ دەقیقە دەخایەنێ، بە شێنەیی ئاوڕ دەداتەوە و تەماشای لایەکی تر دەکا، ئاوها بە ڕاوەستاویی دەمێنێتەوە).

**لوکا:** (تا ڕادەیەک دادەنیشێ، دەستێکی ڕۆدەباتە تاقە گیرفانەکەیەوە، لەو گیرفانەدا بونیام کیسەیەکی سپیی نایلۆن دەبینێ، دەستی دێنێتە دەرێ، تەماشای دەستی دەکات، چەند برغوویەک، سیغارەکەی دەکوژێنێتەوە، پاشان تەماشای کییر دەکا کە لە بەرامبەریدا ڕاوەستاوە، پاشان ئاوڕ بۆ لای کول دەداتەوە) ببوورە...

**کول:** بە خۆشحاڵییەوە.... چ شتێک نییە قسەی لەبارەوە بکرێت.

**لوکا:** ئا. ببوورە... بەڵام من دەبێ بە قیتارێک برۆم کە حەوت دەقیقەی تر دەکەوێتە ڕێ، کاتێک دەستم بە گیرفانمدا کرد تا پارەکانم دەربێنم کەچی بینیم کە تەنیا ئەمانەم پێیە، بۆیە گەر بکرێت بزانم ئایا ناکرێ چەند کرۆنێک یارمەتیم بدەن؟

**کول:** نا، بەداخەوە.

**لوکا:** نا... دەزانم...

**کول:** تۆ. [وچان] تۆ دەڵێم.

**لوکا:** من؟

**کول:** ئا، تۆ، ئا... کام قیتار؟

**لوکا:** گوتت چی؟ کام قیتار؟

**کول:** ئا، لەبارەی کام قیتارەوە دوایت. تۆ گوتت کە دەبێ حەوت دەقیقەی تر سواری قیتار بیت... ئەو قیتارە دەچێ بۆ کوێ؟

**لوکا:** ئەدی چی؟ ئەوە چ پێوەندییەکی بەتۆوە هەیە؟

**کول:** نا، تەنیا ویستم بزانم ئاخۆ قیتارەکە جێی هێشتوویت... هەڵبەت ئەوە شتێکی ناخۆشە گەر جێی هێشتبیت... هەڵبەت هاکا بڕوا.

**لوکا:** ئا، نەعلەت... ئەرێ من بۆ کوێ دەچم؟

**کول:** نازانم. [وچان] مۆرگان دەناسیت؟

**لوکا:** دەشێت... مۆرگان کێیە؟

**کول:** مۆرگان.

**لوکا:** من ژمارەیەکی زۆر عەمرنەماو دەناسم. من دەبێ بچم بۆ لای ئەو قەحبەیە لە سۆس(*). من نەمتوانی بۆ کۆبوونەوەیەک بچم. باشە. ئەوە لە ئۆگوستیدا بوو. باشە، تەلەفۆنم کرد و گوتم نەمتوانیوە بێم. تەلەفۆنم بۆ کرد و ئەوەم پێ گوت، گوتی ئۆکەی، دوایی تەلەفۆن بکەوە، ئەوە لە ئۆگوستیدا بوو. باشە. ئیدی منیش چاوەڕێم کرد، پێم وابوو تەواو. پاشان هیچ

(*) Samhällets olyclis och Säkerhetsjäst: sos خزمەتگوزاریی ئاسایش و ڕووداوی کۆمەڵگە. لە ڕێگەی لێدانی زەنگ بۆ ژمارەی ١١٢ەوە مرۆڤ لەکاتی پێویستیدا دەنگی دەگاتە ئەمبولانس، ئاگرکوژێنەوە و پۆلیس.



پارەیەک نەهات. ئیدی هەمدیس تەلەفۆنم بۆ کردەوە، گوتی ڕێک هەر ئێستا دانیشتووم و ناوەکەت دەسڕمەوە ... لەبەر چی... ئەدی بۆچی. تۆ دەبوو تەلەفۆنت کردبا، هەڵبەت دەبوو تەلەفۆنت بۆ من کردبا، تەلەفۆنم بۆ کرد و گوتم من نەمتوانی بێم و تۆیش گوتت قەی ناکا، دەبێ تەلەفۆنت بۆ بکەم، تۆ دەبێ تەلەفۆنم بۆ بکەیت و ئێستایش دانیشتوویت و ناوەکەم دەسڕیتەوە... چۆن دەتوانیت وا بکەیت؟

**کول:** بۆ تۆ لای ئەو دەژیایت؟

**لوکا:** نا، دە ساڵ بوو لای دایکم دەژیام. پارە نەبوو. ئەو ئەو سێ هەزار و سەد کرۆنە، گەر تاوانێکم کردبا بە یەک سەعات پەیدام دەکرد. ئەرێ تۆ ناوت پوتێیە؟

**کول:** نا.

**لوکا:** من قاچم شکا، بۆیە نەمتوانی بۆ هیچ کۆبوونەوەیەک بچم، بەرەو ژوور تا دەموچاوم لە گەچدا بوو، بەو وەزعەوە تەلەفۆنم کرد و گوتم، کە هاتیت تەلەفۆن بکە، ئەو گوتی نا، پاشان تەلەفۆن دەکەم.... هیچت هەیە؟

**کول:** نا.. خۆت دەزانیت.

**لوکا:** ئۆکەی.

[تاریکی]

دیمەنی ٦ B

**لوکا:** (دیمەنەکە لە تاریکیدا. لوکا هەڵدەستێ، قسەیان بۆ دەکا، بەڵام تەماشایان ناکا).

من لەوێ بووم. سایەق تەکسی بووم. نەفەرەکەم گەیاند. کورد بوو، خۆی گوتی کوردم. گەیاندم. پاشان. ئەوان ترومبێلێکیان داوا کرد. لە شوێنێک لە نۆشبێری،(٥) من دانیشتم و چاوەڕێم کرد. گوێم لە ڕادیۆ ڕاگرت. گوتیان لە کوێیت، گوتم چاوەڕێ دەکەم. ڕێک ئەو شوێنەم پێ گوتن کە لێی بووم. قسەم لەگەڵ بەدالەدا کرد، گوتم چەند دەقیقەیەکی تریش چاوەڕێ دەکەم. یەک ڕۆحلەبەر لەو ناوەدا نەبوو. تەنیا گەراجێکی گەورە. بیرم نایەتەوە ئەوە لە شەودا بوو یان ڕۆژ. پاشان هاتن. ئەویان هەڵگرتبوو، بەڵام من ئەوانم نەبینی، ئەوانەی کە ئەویان هەڵگرتبوو نەمبینین چۆن چۆن چۆنین. نەیاندەویست ڕوخساریان وەدیارخەن. من ئارەزوومەند نەبووم. کەسێک توند دەرگاکەی داخست. پاشان من چاوەڕێم کرد. من مەکینەکەم نەکوژاندبووەوە. لە ئاوێنەکەی دواوە تەماشام دەکرد. تەماشای ئەوم دەکرد. حەزم دەکرد بزانم کێم گەیاندووە. ئەویش تەماشای کردم. کەشەکە هێند بێ دەنگ بوو کە دەمتوانی گوێم لە چاوانی بێت کە دەجووڵێن. گوتم، بۆ کوێ بڕۆین؟ ئەو گوتی بۆ شار. ئەی دوایی؟ تەنیا لێخوڕە بۆ شار. ئیدی لێم خوڕی. پاشان کاتێ هاتینە سەر هێڵی E چوار،(٦) هەمدیس

(٥) گەڕەکێکە لە ستۆکهۆڵم.

(٦) هێڵێکی خێرای ترۆمبێل.



تەماشایم کردەوە. پێم گوت وەزعت لە باش ناچێت، وەڵامی دامەوە باشم. دوای ساتێک تەماشایم کردەوە. پاشان لێم پرسی: چۆنیت؟ وەڵامی نەدامەوە. پێڵووی لێک نا. پێم وابوو گوێی لێم نەبووە، ئەوسا شتێکی ترم لێ پرسی: خەڵکی کوێیت؟ گوتی: کوردستان. ئێ ئێ کوردستان ئا. پاشان گوتی ئێران. من گوتم: ئێران؟ پێم وابوو گوتت کوردستان. ئا، باکووری کوردستان لە ئێران. دەکەوێتە ئێرانەوە. لێم پرسی: ئەدی وەزع لەوێ چۆنە. پاشان کەوتە باسکردنی ئەوەی کە لەوێ ڕوودەدا. هەڵبەت لەوێ زۆر شت رووی دابوو. ئەو گوتی کە سی هاوڕێی لە قوتابخانەدا هەبوون، ئێستا لەو سییە تەنیا پێنجیان لە ژیاندا ماون. سیانیان لە ئێران لە زینداندان، ئەوانە حەڤدە ساڵە لە زینداندان. دووانیشیان لە ئەڵمانیان و ئەمیش لێرەیە. ئەو حاڵی حازر لێرەیە، بەڵام دەیەوێ بۆ جێگایەک بچێت. ئەو گوتی کە سێ خیزانی بەخێو کردوون، دایکی و سێ خوشکی و دووان لە براکانیشی کە خێزانیان پێکەوەنا و منداڵیان خستۆتەوە، هەمووی یازدە کەس. من تا ڕادەیەک هێواش لیم دەخوڕی، نەمدەزانی بۆچی. پێنەدەچوو زامدار بێت. دەنا من خۆم تا ڕادەیەک خێرا لیمدەخوڕی و ڕادیۆکەشم دادەگیرساند، بەڵام ئەو داوای لێ کردم رادیۆکە بکوژێنمەوە. پێشان من شەوانیش لێم دەخوڕی، بەڵام لەوە هیلاک بووم. ئێستا شەوانە جار جار لە پشووەکاندا لێ دەخوڕم. بەڵام من تەنیا ترومبێل بە ڕۆژ لێناخوڕم. شتی تریش دەکەم. ترومبێلیش دەشۆم. بە دەست دەیانشۆم. شەوقیان پێ

هەڵدەهێنم. ئەو گوتی کە ئەوان شەش هەزار گوندیان قڕ کردوون.

[ڕووناکی]

دیمەنی ٧

**کییر:** (ڕادەکشێ، هەوڵ دەدا پاڵتۆ گەورە ڕەشەکە بدا بە خۆیدا، خۆی گرمۆڵە دەکا وەک ئەوەی بیەوێ بنوێ، لنگ دەهاوێژێ تا پاڵتۆکە باش دای پۆشێ، بەڵام لێی دەبێتەوە، تەقەللا دەدا تا قاچی سەرووی بە بەرزییەوە لە هەوادا ڕاگرێ، لە سەر لا ڕادەکشێ، نەرم نەرم خۆی دەلاوێنێ) من دەمرم...

**کول:** ئا، ئیدی وەختییەتی.

**کییر:** من دەمرم، ئەی قەحبەی نەفرەتیی... وا ڕەق دەبمەوە.

**کول:** دەڵێیت چیی؟ (دەچێت بۆ لای کییر، لەقە لە لاقەپرغەی دەدا، زۆر توند نا) قوڕمساخی گوواویی.

**کییر:** واز بێنە... نامەوێ. (هەوڵ دەدا دانیشێ، بەڵام ناتوانێ، وەک سەگ گاز لە پێی کول دەگرێت. کول دوو کیسەی سپیی نایلۆنی پێیە کە بە تەل (دەزووی پۆڵا) بە پێکانییەوە بەستراون) نا. نا، نامەوێ... ئێستا نا.... کاتێکی تر. ئەدی نابینیت؟

**کول:** چیت ناوێت؟ [وچانێکی کورت]، هەمدیس لەقە لە لاقەپرغەی دەدا) پێت وایە چیت ناوێت؟

**کییر:** منیش نا! (پێێ کول دەگرێت، پێڵاوەکەی دادەکەنێت. تووڕی هەڵدەدا. کول دەڕوا و دەیهێنێتەوە و دەیخاتە دەمی کییرەوە. کییر گازی لێ دەگرێت) منیش نا. [وچان] نابینیت... نابینیت کە من ئازار دەکێشم... نابیبیت کە منیش ئینسانم... نابینیت



کە ئەمە چۆنە... ئەمە نابینیت؟

[تاریکی]

[ڕووناکی]

دیمەنی ٨ A

**لوکا:** (کە لە ئەرزەکەدا ڕاکشاوە، هەڵدەستێ، بە پێوە بۆ پێشەوە دەنووشتێتەوە و دەست بە چەناگەیدا دەهێنێ، دەستێکی تەڕ دەکا و زۆر بە هێواشی بە چەناگایدا دەهێنێ وەک ئەوەی ڕیشی تەڕ بکا، بەڵام ڕیشی نییە، ڕێک لە ئەرزەکە دەنۆڕێت) (کول و کییر وەک پێشوو ڕاکشاون)

[تاریکی]

[ڕووناکی]

دیمەنی ٨ B

**کییر:** (هەڵدەستێ، ڕووناکییەکی بەهێز، بەرەو لای ڕاست دەچێت، بەرەو دیوارەکە دادەنەوێتەوە، باسکەکانی شل دەکا، وەک ئەوەی بە بزمار بە خاچێکەوە داکوترابێ، خۆی هەڵدەواسێ، بە بێ دەنگی قسان دەکا، بنیام قسەکانی نابیستێت، باوکە باوکە، بۆچی بە تەنیا جێتهێشتم، ئەمڕۆ دەبوو تۆ لەگەڵمدا بایت لە.... هتد، وێنەی تاجێکی دڕک بە دوری سەریدا دەکێشێت، لە لەخاچدانەکە دادەبەزێ، بەرەو لای ڕاست دەڕوا و بە هەمان شێوە لەسەر خاچێک خۆی لە خاچ دەدا، وێنەی تاجێکی دڕک دەکێشێ، بۆ ساتێک بەوێوە دەمێنێتەوە،

هەمدیس لەو بیچمە دێتە دەرێ، ئەژنۆکانی نەوازش دەکات، چەند جارێک خەریکی ئەوە دەبێ)

[تاریکی]

[ڕووناکی]

دیمەنی ٨ C

**لوکا:** (هەڵدەستێ، یان لەسەر ئەژنۆ دادەنیشێ. پەڕەی کتێبێک هەڵدەداتەوە کە نییە، بە شتگەلێک پێ دەکەنێ کە لەوێ بوونیان نییە)

**کول:** خۆشە؟

**لوکا:** ئا.

**کول:** پێت خۆشە؟

**لوکا:** ئا، نازانم خۆشە، نایابە.

**کول:** ئا، کەواتە باشە؟ باسی چ دەکا؟

**لوکا:** نازانم، هەر ئێستا دەستم پێ کرد. کەمێک دەیپەڕێنم.

**کول:** ئاگام لێیە. خۆ لەم ڕۆژانەدا ئەو کتێبەت خوێندەوە. ئەوە هەمان کتێبە کە لەو ڕۆژانەدا بۆی دانیشتیت و خوێندتەوە.

**لوکا:** نا، ئەو کتێبە نییە. (دەست دەداتە کتێبێکی تر کە نییە) ئەمەیان بوو.

**کول:** ئێ ئێ. [وچانێکی کورت] پێم وایە وەک یەک وان. پێم وایە یەک کتێبن.

**لوکا:** نا، ئەمەیان... ئەمەیان... ئەمەیان... ئەمەیان شیعرە.



(پارادیسی لۆست)ی جۆن میلتۆنە. ئەمەشیان لەبارەی لوبنانەوەیە. کتێبێکی سەفەرنامەیە. خەڵکانێک کە لە لوبنان و ئەو ناوەبوون، لە زەریای مردوو...

**کییر:** سەعات چەندە؟

**لوکا:** (تەماشای کاتژمێرەکەی مەچەکی دەکا کە بوونی نییە) سەعات چواردە دەقیقەی دەوێت بۆ یازدە.

**کییر:** سوپاس. تەنیا ویستم بزانم سەعات چەندە. سوپاس.

**لوکا:** شایانی نییە. (جگەرەیەک لە پاکەتەکەی دەردێنێ کە نییە و دای دەگیرسێنێ)

**کییر:** دەتوانم مژێکی لێ دەم؟

**لوکا:** تەنیا ئەوەم پێ ماوە.

**کییر:** من میهرەبانم. من کەسێکی میهرەبانم. ئاخۆ ناکرێ مرۆڤێکی میهرەبان..... شتێکی هاوڕێیانەی بدرێتێ؟ دەدەی.

**لوکا:** خوایە. (جگەرەکەی دەداتێ)

**کییر:** سوپاس. هەرگیز ئەمەم لەبیر ناچێت. من هەرگیز ئەمە لەبیر ناکەم. تۆ گەورەترین نموونەی باڵای منیت. (جگەرەکە دەکێشێت) سوپاس. زۆر نایابە. (جگەرەکە دەگەڕێنێتەوە) ڕەنگە کەمێک لاواز بێ، بەڵام گرنگ خەیاڵە عەمر نەماوەکەیە.

**کول:** ئەوە ئۆدیبۆسە.

**کییر:** ئۆدیبۆس کێیە؟

**کول:** بەڵێ؟

**کییر:** ئەوە کێیە؟

**کول:** ئا، به ئاشکرا دیاره که ئەو خاوەن کۆنترۆڵێکی خۆیی خراپ بووە، چونکه باوکی خۆی لەوێ لە پاتیقەی چیاکەدا، لەو شوێنەی کە یەکتریان بینی، کوشت.

**کییر:** کوشتی؟ ئەدی بۆ؟

**کول:** ئا، کوشتی چونکه کێشەکە کۆنترۆڵی خۆیی بوو. هەڵبەت دەیتوانی وا نەکا و دەست لە کەسێک نەکاتەوە کە لە خۆی بەتەمەنتر بوو.

[تاریکی]

[ڕووناکی]

دیمەنی ٩

(لوکا لەسەر زەوییەکە ڕاکشاوە، کییر و کول بەپێوە وەستاون، ڕووبەڕووی یەک ڕاوەستاون)

**کییر:** تۆ.

**کول:** لاچۆ.

**کییر:** ئەمە خەستەخانەیە.

**کول:** لاچۆ. خەستەخانەی چی؟

**کییر:** ئەوەی لەبارەیەوە دەدوێن.

**کول:** بەڕاست، ئەمە... ئەمە خەستەخانەیە.

**کییر:** ئا. [وچان] ئێستا ئێمە لەوێین؟

**کول:** هیچ زانیارییەکم لێی نییە.

**کییر:** نا... وامزانی لەوێین... تۆ لەکوێیت؟



**کول:** لێرە.

**کییر:** بەڕاست. لەوێ.

**کول:** من دەبینیت.

**کییر:** ئا. [وچان] من دەتبینم. من دەتبینم. (چەند هەنگاوێک بۆ پێشەوە بەرەو لای کول دەنێ) من دەتبینم. تۆ لەوێ نیت.

**کول:** نەفرەتی لێ بێت و. (دەکەوێت) لەگەڵمدا مەیە و خەڕەک بڕێسە.

**کییر:** ئا، بەڵام هەی بە نەفرەت بیت... ئەوە هاوڕێکانن... تۆ و... ئەرێ تۆ ناوت چییە... تۆ؟

**کول:** ئەی ناوی نەفرەتیی تۆ چییە؟ چ ناوێکی نەفرەتیت نییە!

**کییر:** نا، ئاوهایە. نا، بەڵام هەڵبەت من.... سەبرکە... لەبارەی ئەو خەستەخانەیەوە دەدوێم... [وچان] کە برادەرەکە لەوێیە. [وچان] تۆ دەزانیت... تۆ دەزانیت لەکوێیە. تۆ دەزانیت لەکوێیە.

**کول:** بەڕاست، ئەوە. نەفرەتی، دە بیڵێ... بیڵێ. [وچان] ئا، ئۆکەی.

**کییر:** برادەر.

**کول:** ئا.

**کییر:** ڕێک. تۆ دەزانیت لەوێ. [وچان] برادەرەکەم. ئا، برادەرە مردووەکەم ئەو سەگەی هەبوو.

**کول:** ئەوی هەبوو؟

**کییر:** نا، سەگی هەبوو. سەگ. سەگ. توولە. توولە... توولە لە جانتاکەدا... لە هەر کوێ با، لە جانتاکەیدا بوو. [وچان] پاشان مرد. گوتی مرد. ئەو گوتی پاشان سەگەکە مرد...

پاشان. کاتێ دەستم دایە سەگەکە لە جانتاکەدا بوو. چۆن؟ ئا، باشە، بەڵێ بە نەفرەتبووە هەمیشە ئەو... هەمیشە سەگەکە دەیقرووسکاند... نا، بەڵام ئەو شەیتانە زلە پاشان، زل بوو. هەر بەڕاستیی زل. ئا، توولەکە زل بوو. تۆ دەزانیت... بەڵام من بینیمن کە لەوێ دەژیان، تۆ دەزانیت... یان بەرلەوە لەوێ دەژیان، بەر لەوە. کە ئەو دەبوو لەبەر پەنجەرەکەدا ڕاوەستێ وەک بڵێیت لە هەموو شتێک بنۆڕێ تا ئەو دێتەوە، تۆ دەزانیت، تەماشای بکردایە... و وەک بڵێی بیزانیایە کە ئەوێ شوێنی خۆی بێ کە دەبێ بمرێنێ وەک ماڵێک کە تیا بوون... لە بەر پەنجەرەکەدا لەوێ تا ئەو دەهاتەوە و پێشتر، هەڵبەت گوو بوو، هەموو گووەکە لەوێ سووتا، تۆ دەزانیت لەگەڵ هیچ.. ڕەش و سووتوو و گوو، لەبەرئەوەی ئەوان لەوێ بردیاننە دەرەوە، بۆ شوێنێک، ئەوسەری دۆزەخ، تۆ دەزانیت، وایان کرد... وایان کرد... هەموو شتێک تیکەپارچە بوو، هەموو شتێک... ئەمەیان وەک ئەویتر... منیش کە بەڵێنی ئەوەم دابوو، بەڵینی ئەوەم بەودا، تۆ دەزانیت، لەوێ، بەڵام هەڵبەت ئەو مرد، نازانم... نازانم... نەچوومەتە ئەوێ و تەماشاکەم... منیش گوتم کە شتێکی بدەمێ لەبەرئەوەی مردبوو، تۆ دەزانیت، ئەو جۆرە لوویەکی گرتبوو، ئەوان گوتیان، ئا، دوو مانگ، وەرە، ئێمەیش کە قسەمان لەبارەوە دەکرد... ئێ دوایی... ئا، جارێک، لانیکەم جارێک چووین بۆ ئەوێ.. ئیدی... ئەو نەفرەتییە گازی لە دەستم گرت، گازی لێ گرت. بەڵام لێت دا دەڵێی چی (دەستی ڕاستی بەرز دەکاتەوە) ئەوە، چونکە میهرەبانم، بەبێ ڕەچاو کردن، تۆ لەو بارەیەوە دەزانیت، من تەنیا بە پەروا بووم، تۆ



دەزانیت، ئەو بەستەزمانە کە نەیدەزانی ئەو مردووە... نەفرەت دەی وەرە ئەوە بە سەگێک بڵێ کە ئەو مردووە، چییە دەوەڕیت، ئەمە تەنیا توولەیەکی نەفرەتییە، تۆ دەزانیت... بە گوێچکەیەکەوە کە ئاوها هەڵواسراوە... نموونەی گیتۆ، سەگی گیتۆ تۆ دەزانیت.

**کول:** ئەدی لەبەرچی؟ [وچان] بۆچی ئەدی؟

**کییر:** نا، لەبەر میهرەبانیی، تۆ دەزانیت، لەبەر.... تەنیا میەرەبان.

**کول:** کە لەبارەیەوە دەدوێیت.

**کییر:** ئا، ئاوا.... ئاوها سەگەکە گازی لێ گرتم، کە من... کە من لەبارەیەوە دوام.

**کول:** کە تۆ لەبارەیەوە دوایت؟

**کییر:** ئا، تەنیا ئاوا... تۆ دەزانیت.

**کول:** [دوای وچانێک] نا.

[تاریکی]

[ڕووناکی]

دیمەنی ١٠ A

**کول:** (هەمدیس دادەنیشێ، بۆ پێشەوە بەچاوانی ڕیپۆقاوییەوە دادەنەوێتەوە)

**کییر:** (وەک لوکا پانتۆڵەکەی دادەکێشێتە خوارەوە و لەبەرامبەر ئەودا ڕادەکشێ، توند پێلوو لێک دەنێ)

[تاریکی]

## دیمەنی ١٠ B

(لوکا بە دیوارەکەدا هەڵدەزنێت. [ڕووناکی]. کییر بەسەر کولەوەیە. لوکا بەکاوەخۆ بە خشپەیی لەسەر دیوارەکە دێتەخوارەوە تا ئەو کاتەی بە تەواوی دەکەوێت)

[تاریکی]

[ڕووناکی]

## دیمەنی ١٠ C

**لوکا:** (هەڵدەستێ، هێور جۆلانە دەکات) ئا. (دەستێکی بەرزدەکاتەوە، بە نزمی دەستـــــیـــــان بۆ رادەوەشـــێنێ) پام......با.
(زەردەخەنەیەکی کەمی دێتێ)

**کییر:** ئا هەر ئێستا.

**لوکا:** ئۆ..... کەی.

**کول:** (لەسەر پشت ڕادەکشێ، ڕەق و تەق خۆی بەرزدەکاتەوە، جەستە ڕەقـە کـەتەکەی بەرزدەکاتەوە بەڵام هەمدیس ڕادەکێشرێتە خوارەوە وەک ئەوەی کەسێک ڕای کێشێتە خوارەوە، وەک بڵێی ئەوە کەسێکی تر بێت کە ڕای بکێشێت، باسکەکانی بەمەلاولایەوە نووساون وەک ئەوەی لەکاتی جووڵەی جومناستیکدا ڕەق و وشک بووبێتن، دەم دەکاتەوە، هاوار دەکا)
لێرە! لێرە! لێرە! لێرە! لێرە! لێرە! لێرە! لێرە! لێرە! لێرە!
[تاریکی]





## دیمەنی ١١

(هەرسێکیان لەتاریکیدان)

**کول:** (دوای چرکەیەک) ئەوە چییە؟

**کییر:**نازانم. [وچان]
گوتت ئەمە چییە؟ یان گوتت ئەمە چییە؟ [وچان] گوتت چی؟

**کول:**نا، من گوتم... ئەوە چییە؟

**کییر:**ئێ ئێ.

**کول:**جا ئەوە گرنگییەکی ئەوتۆی هەیە؟ چ جیاوازییەکیان هەیە؟
[وچان]نا.

**کییر:**نا، نازانم.

**کول:**نازانم.

**کییر:**نا، هەڵبەت من وام گوت.

**کول:**نا، من گوتم ئەمە چییە... نەمگوتووە ئەمە چییە یان ئەمە چییە؟ ئەمە چییە؟ یان ئەمە چییە؟

**کییر:**سەیرکە... من ئەمەتام لێرە. سەیری ئێرەکە... سەیری ئێرە.

**کول:** نا، ئەوە شتێکە کەوتووە، کاغەزێک، کاغەزێک... کاغەزێک، کاغەزێکی زلی قورمساخ... شێوە کاغەزێکی زلی قورمساخ، نایلۆنێکی قۆڕ، نایلۆنێکی قۆڕ لە شتێکی نایلۆن..کە... نا، بەڵام نەفرەتم لێ بێ دەستم تێوە دا... شتێکم لەو زەرفە نایلۆنانە لەگەڵ خۆمدا برد شتێک لێرە کە دەستم لێ دا کاتێک دەستم پێدا کرد، لەبەرئەوەی دەبێ هەستم... هەستم... خۆم بەرزکەمەوە، دای

نێم لەبەرئەوەی دەبێ یەک چرکەی تر هەستمە سەرپێ... ئیدی پاشان... پاشان... پاشان، دەزانم... دەبێ شتێک بکەم.. چۆن؟
[وچان]

ئا بیرم نییە، ڕۆیشت ڕۆیشت زۆر دوور، تەنیا شتێک هەبوو کە بەرامبەر شتێک دام نا... بەڵام من دەبێ... من دەبێ ئەژنو چارکەم، من دەبێ دار بدەم بە ڕۆحیدا، دەبێ وا بکەم، دەبێ ببینم ... کە ئەو لەوێدایە... دەبێ بیکوژم، من دەبێ ئەلبێرت. من دەبێ بڵێم وەک.

[ڕووناکی]

دیمەنی ١٢

**کول:** (ڕادەوەستێ، بۆ پێشەوە خۆی دەچەمێنێتەوە وەک ئەوەی گوشاری خستبێتە سەر هەموو جەستەی، وەک ئەوەی بە خەیاڵیدا هاتبێ کە هەموو خۆی لە دوای خۆیەوە بڕێت. جارێک یان دوو جار بە قاچی ڕاست بە توندی پێ بە ئەرزەکەدا دەکوتێ) من لێرە لە تاریکیدا دەقیژێنم من لەوێدا بە باسکە نەفرەتییەکانمەوە خۆم دەترنجێنمە ڕەحمێکی ڕەشەوە، خۆم دەترنجێنمە کوزێکی نەفرەتیی قووڵ و ڕەق و ڕووتەوە، کوزێکی درێژ و ڕەق و ڕووت... من ئەوێم دەوێت. من ئەوێم دەوێ، دەی وەرە ئێرە، من گەورەم، من زۆر گەورەم.. من چیم... من شاعیر نیم... من ئەم شیعرانە دەخوێنمەوە، لەوێدا لەسەریان دەوەستم لێرە و دەیانبیستم کە دەبینن، کاتێ کە دەبێ لەوێ بیڵێم. ئەوسا ئەوان دێن و دەڕۆن. ئیدی ئەوەندە... ئیدی لەوەندە زیاتر تاریک نابێ.. ئیدی لەوەندە تاریکی زیاتر و زیاتر تاریکتر نابێ،



زیاتر و زیاتر تاریکی، لەوەندە زیاتر و زیاتر تاریکتر نابێت... (دەوەستێ و تا دێت ڕۆدەچێ و ڕۆدەچێ و ڕۆدەچێ، بەڵام هەرگیز ناکەوێ).

**کییر:** نا.... ئا.

**کول:** ئاخۆ شەو گەورەتر نەبووە؟

**کییر:** با... بە چیدا بزانم؟

**کول:** ئەوە چییە لەوێ؟

[تاریکی]

[ڕووناکی]

دیمەنی ١٣

**کییر:** تۆ ناوت چی بوو؟

**کول:** ناوم هەمان ئەوەیە کە ئێستا ناومە.

**کییر:** ئەدی ئەو ناوە چی بوو؟

**کول:** گرنگە؟

**کییر:** نا.[وچان]

**کول:** ئەوان بە کول بانگیان دەکردم؟

**کییر:** کام ئەوان؟

**کول:** ئا... ئەوانەی کە دەمناسن... ئەوان بە شتێک بانگیان دەکردم.

**کییر:** ئێ ئێ. ئەی ئەوان ناویان چییە؟

**کول:** نازانم. [وچان]

**کول:** ئەی تۆ؟

**کییر:** [دوای وچانێک] ئەی من؟ چیی.. ئەی من؟

**کول:** ناوت چییە هەی قوڕمساخی قەشمەر.

**کییر:** ئەو باشە نییە.

**کول:** کاتێک پرسیارت لێدەکەم تۆ دەڵێیت ئەو باشە نییە.. بەڵام منیش ناوم ئەو باشە نییەیە، تۆ زۆر باش دەبێت لەوە دڵنیا بیت، جاری داهاتوو تۆ دەبێت زۆر باش لەوە دڵنیا بیت. کە من جارێ ئەو باشە نییە بم، ئەوسا دەکرێ تۆ باشە جارێ نییە بیت. گوێت لێ بوو! تۆ وا لە ئاوها زیاتر لە من قوڕمساختریت!

**کییر:** تۆ. [وچان]دەمەوێ هەر خۆم بم. بێزارم مەکە.

**کول:** منیش! [وچان] گوێت لێیە. دەی خۆت بخزێنە ئەو قوونە نەفرەتییەوە کە لەوێدا کەوتووە، خۆت بخزێنە ئەو کونەوە و ون بە. هەی قوڕمساخ.

**کییر:** بەڵێ بەسەرچاو.

**کول:** کێ نایەوێت هەر خۆی نەبێت... درەنگ یان زوو.

**کییر:** بەڵام مرۆڤ بۆی نایەتە پێش... لەم ژیانە نەفرەتییەدا.

**کول:** نا، وایە، ئەوان وا دەڵێن!

**کییر:**کامیان؟ [وچان] کامیان چی دەڵێن؟

**کول:** ئەوانە وا دەڵێن... ئەوانەی دەرپێسن ئاوا دەڵێن.

**کییر:** ئەوانە زۆر دەرپێسن لەبارەی شتێکەوە کە تیایدا نەژیاون.

**کول:** خۆت بخزێنە ئەو قوونە نەفرەتییەی ئەویاوە ئەوسا لەوە قوتارت دەبێت، شتێک کە هەڵبەت زۆر باشە... کە دەڕێت ئەوسا دەکرێت هەمدیس تێ هەڵچێتەوە.



**کییر:** بەڵام چی، دەکرێت ئەو قوونە بە هەر کەسێکەوە بێت... دەبێت ئەو قوونە تەمەنی چەند بێت؟

**کول:** ئا... تۆ چ دەڵێیت؟

**کییر:** ئا... شتێک لە نێوان نۆزدە و پازدەدا.

**کول:** نۆزدە و پازدە.

**کییر:** ئا... نۆزدە زیاترە لە پازدە.

**کول:** پێتوایە ئەوە باش بێت؟

**کییر:** ئەدی چۆن؟

**کول:** ئا... ئاوها لە دۆخێکی دروستدا دەبێ.

**کییر:** من... چ زانیارییەکم لەو بارەیەوە نییە.

**کول:** خۆیشی پێ گەرم دەکاتەوە.

[تاریکی]

[ڕووناکی]

دیمەنی ١٤

**کییر:**(حەوت قوونە سیگار لە ڕیزێکی نوێدا، لە بچووکترینیانەوە بۆ گەورەترین دادەنێت، دەیانپێوێت، پاشان دەیانژمێرێت، پاشان هەمدیس دەیانژمێرێتەوە) حەوت.

**کول:** ژمارەیان چەندە؟

**کییر:** حەوت.

**کول:** حەوت؟

**کییر:** ئا، گەر بنیام بیانژمێرێت... گەر بنیام نەیانژمێرێت نازانم

ژمارەیان چەندە، بەڵام ئیدی ئەوەندەن.

**کول:** حەوت؟ [وچان] بینیت کێ بەوێدا تێ پەڕی... کەسێکی بەنێوبانگ بوو، کەسێک بوو کە بەنێوبانگ بووە... کە بنیام دەیناسێ.

**کییر:** نا. [وچان] بەنێوبانگ بووە؟

**کول:** ئا، بەنێوبانگ بووە، کەسێکی بەنێوبانگ.

**کییر:** ئەدی بەنێوبانگ لەچیدا؟

**کول:** بەنێوبانگ لەشتێکدا، ئەو بەنێوبانگ بووە... هەڵبەت شتێکی کردووە کە پێی بەنێوبانگ بووە... خۆ مرۆڤ بە کۆکردنەوەی قوتووی بیرە مەشوور نابێت، مەشووری چی دەبێت. مەشوور بوون ئەوە نییە کە پیاو تەنیا دانیشێت و لە قوونی کەسێک بنۆڕێت، ئەوە نییە کە پیاو دانیشێت و لە قوونی کەسێکەوە لە ڕوخساری بنۆڕێت. کێ هەیە بیەوێت لە قوونی کەسێک بنۆڕێت کە نەیناسێت... گەر ئەو کەسە بە شتێک مەشوور بێت... گەر مرۆڤ بیەوێت لە قوونێک بنۆڕێت ئەوا دەبێ ئەوە هەی کەسێک بێت کە مرۆڤ حەز دەکا لێێ بنۆڕێت لەبەرئەوەی مەشوورە، نەک تەنیا لەبەرئەوەی کە قوونە.

**کییر:** ئا.... ئا لەو قوونەی ئەوێ بنۆڕە.

**کول:** نا، هەڵبەت من وامگوت.... من چ ئارەزوویەکم نییە. نامەوێت. [وچان] حەز لەوە ناکەم.

**کییر:** گەر مرۆڤ ئاوا تەماشا بکا... ئەوا وەک ئەوە وایە کە خەڵکانی تر تەماشای تۆ بکەن...



**کول:** ئا... یان بە کەڵکی چ دێت... بەهەرحاڵ خۆ بە کچێکی جوانەوە نییە.

**کییر:** دەبێ شتی تر بێ.

**کول:** قوونێک بریتییە لە کوزێک گەر بە پیاوێکەوە بێت، بەڵام ئەی ئەگەر بە ژنێکەوە بێت چییە؟

**کییر:** ئەی ئەگەر بە کەسێکی بەنێوبانگەوە بێ؟

**کول:** نازانم کێ دەبێت، خۆ من یەکە یەکەی ئەو خەڵکە قورمساخە بەنێوبانگانە ناناسم.

[تاریکی]

[ڕووناکی]

دیمەنی ١٥

**کییر:** (بە دوو پەرداخی باغەوە دەوەستێ و شلەمەنییەکی ڕەش لەم پەرداخیانەوە دەکاتە ئەویان، وەک ئەوەی هەوڵبدا ساردی بکاتەوە تا پاشان بیخواتەوە، بەڵام هەرگیز لە تێکردنی شلەمەنییەکە لەم پەرداخەوە بۆ ئەویتریان نابێتەوە و نایخواتەوە).

**کول:** ئا، بەڵام ئەوە چی بوو؟

**کییر:** ئەدی لە چی دەچێت؟

**کول:** ئا، لە شتێک دەچێ کە نازانم چییە.

**کییر:** ڕەنگە قاوە بێت.

**کول:**ڕەنگە قاوە بێت... ئەی لە کێوە؟

**کییر:** بۆچی دەبێ بیڵێم؟

**کول:** گووی تێ دەکەم.

**کییر:** ئا، ئەمەم لە کەسێک وەرگرت کە لە دووکانێکی قاوە ڕاوەستا بوو، دووکانێک کە هەردووکیان هەیە.... وەک کەسێکی ڕەفتار دۆستانە و میهرەبان... بەڵام ئەو ڕەفتایر دۆستانە بوو. نا نامەوێ... بەڵێی ئەو کەسە.... ئەو خاوەن کەسێتییەکی دۆستانە بوو... ئیتر ئاوا... کاتێک منیش... ئەویش ئەم پەرداخەی پێ دام... قاوە کاتێک کە من زۆر ناچم... کەچی ئاوها وەرمگرت... وە هیچم نەگوت. نا، من لەبارەی ڕەفتاری دۆستانەی ئەو کەسەوە قسەم کرد... ئا، نازانم... بەڵکو تەنیا هەندێک جار.. مەبەستم لەوەیە کە مرۆڤ ڕێککەوتی دەکا ئیدی ئاوها خۆمی پێدا ناکەم، لەوێ ڕادەوەستم، ئا ڕەنگە چەند مەترێک مەودا هەبێ و تەنیا بەو شێوەیە کە مرۆڤ تەنیا ئاوها چاوەڕێ ناکا... ئا... ئیدی دوای سەعاتێک، ڕۆژێکیان پەرداخەکەم بە قاوەوە وەرگرت... دانەیەکی تریشم هەڵگرت بێ ئەوەی نە ئەو هیچ بڵێ و نە من... دەسەسرێکی گچکەش... نا بە پێچەوانەوە لەوێ من هەمان عەمرنەماوانە دەردەکەوم.. بەڵام ئێستا زۆر گەرمە... ئێستا ئێمە چاوەڕێ دەکەین.

[تاریکی]

[ڕووناکی]



دیمەنی ١٦

**کول:** (هەڵدەسێ، دەقیژینێ) پێڵاوەکان! نا!

**کییر:** چیی؟

**کول:** نا! پێڵاوەکانم!

**کییر:** پێڵاوە نەفرەتییەکانت چییانە؟

**کول:** نەماون!

**کییر:** نەماون، چییە کە......

**کول:** نا، لەکوێن... گوتم لەکوێن؟

**کییر:** چۆنین؟

**کول:** چۆنین!

**کییر:** ئا، پێڵاوەکان چۆن چۆنین؟

**کول:** (دەوەستێ، بە سەسوڕمانەوە لە کییر دەنۆڕێت) چیی؟

**کییر:** پێڵاوەکان... کە لەبارەیەوە دوایت... ئەو پێڵاوانەی کە تۆ قسەت لەبارەیانەوە کرد... چۆن چۆنین؟

**کول:** چۆن چۆنین؟

**کییر:** ئا، چۆن چۆنین؟

**کول:** بەڵێ؟

**کییر:** بەڵێ؟

**کول:** نازانم... نازانم چۆن چۆنین... لە شتێک دەچن وەک.... لە پێڵاو دەچن... ئا وەک پێڵاوی ئاسایی... پێڵاو بە گشتی... ئا، پێڵاوی پیاوانە! پێڵاو لە پێی پیاودا! پێڵاوێک کە پیاو هەیبێت...

لانیکەم ئەم دانەیەیان، چونکە من تەنیا تاکێکم هەیە، یان دوو تاک... ئەمیانم بەسەر ئەویتریاندا لەپێ دەکرد.

**کییر:** ئا، مرۆڤ دەزانێ پێڵاوەکانی چۆن چۆنن.

**کول:** ئا، بەڵام... ئەوە... خۆ من دایمە و دەرەم تەماشام نەکردوون! تەنهی هەمبوون... لە پێمدا بوون.

**کییر:** ئێ ئێ باشە... ئەدی ڕەنگی چۆن بوو؟

**کول:** ڕەنگی چۆن بوو؟ [وچان] بەڵام لێت دا ئاخر ئەوە چ گرنگییەکی هەیە! ئەوە چ گرنگییەکی هەیە. ئەوانە تەنیا پێڵاوی خۆم بوون!

**کییر:** مەبەستم لەوەیە بەڵکو بیاندۆزمەوە؟

**کول:** (بەچوار دەوردا دەخولێتەوە) لە کوێ؟ لە کوێ دەیاندۆزیتەوە؟

**کییر:** نازانم... دەڵێم بەڵکو لە شوێنێک پەیدا بن.

**کول:** لێرە؟ [وچان] مەبەستت لێرەیە؟ لەم ناوە... لێرە لەناو... ئا.

**کییر:** نا، لێرە نا، دەڵێم بەڵکو لەشوێنێک بیانبینم.... گەر جووتێک پێڵاو ببینم و.... پێشتر بزانم پێڵاوەکانی تۆ ڕەنگیان چۆن بووە ئەوا بە ڕەنگەکەیاندا دەزانم کە ئەوانە پێڵاوی تۆن یان نا کە هەمان ڕەنگیان هەبێ.

**کول:** ڕەش، یان قاوەیی...

**کییر:** من ناڵێم کە من شتێکیان لێ دەکەم، هەڵیان دەگرمەوە یان چووزانم ئاخۆ دەکرێ هەڵگیرێنەوە، مرۆڤ نازانێ خەڵک لە ئێستادا چ دەکەن... بەڵام ڕەنگە بتوانم بیرێک لەوە بکەمەوە، بیر لەوەی کە ڕەنگە ئەوانە پێڵاوەکانی کول بن، ئەو پێڵاوانە بن کە چەند ساڵێک لەمەوبەر باسی کردن، ئای گەر بمزانیایە ڕەنگیان چۆن بوو.



**کول:** یان ڕەساسی، ڕەشێکی مەیلەو بێجی.... بیرم نییە.

**کییر:** دواین جار کە بینیمیت پێڵاوی قاوەییت لە پێدا نەبوو.

**کول:** ئەوە کەی بوو؟

**کییر:** بیرم نییە، بەڵام بیرمە کە تۆ ئەو کاتە هیچ پێڵاوێکی قاوەییت نەبووە.

**کول:** کەواتە ڕەش بوون؟ کییر نەء.

**کول:** ڕەنگێکی نادیار.

**کییر:** نەء، تۆ هیچ پێڵاوێکی ڕەش یان ڕەنگ نەزانراوت نەبووە.

**کول:** نەمبووە؟

**کییر:** نەء.

**کول:** بیرم نییە.

**کییر:** من بیرم نییە کە تۆ چ پێڵاوی قاوەیی یان ڕەش یان ئەو ڕەنگەی تریانت هەبووبێت.

**کول:** ئەی چ پێڵاوێکم هەبوو؟ [وچان] ڕەساسی.... پێڵاوەکانم ڕەساسیی بوون؟

**کییر:** بیرم نییە، بەڵام بەهەرحاڵ بیرم دەکەوێتەوە گەر پێڵاوەکانت ڕەش یان قاوەیی بووبن.

**کول:** یان ئەو ڕەنگەی تریان. [وچان] باشە بۆ؟

**کییر:** چی؟

**کول:** بۆچی ئەوەت بیربێتەوە؟

**کییر:** چونکە بیرمە کە من ڕوانیم و بیرم کردەوە کە بڵێی چ پێڵاوێکی ناقۆڵای لەعنەتیی هەبێت، لەکوێی دۆزیونەتەوە، ئەو پێڵاوە

ناقۆلا لەعنەتییانەی لەکوێ بوون.

**کول:** دۆزیمنەوە لە لای.... بینیم لە لای... لەلای کەسێکی قوڕمساخەوە کە لەسەر جددە پاڵ کەوتبوو، دانرابوون.

**کییر:** کەی؟

**کول:** ئەوسا.... کاتێک دۆزیمنەوە... لەسەر جادە... کابرا خۆی لە ناوەڕاستی شۆستەکەدا لێی پاڵ کەوتبوو، پێڵاوەکانیشی لەپاڵ یەکدا بوون لە بن سەریدا، هەڵبەت ئەو لە پێی خۆی داکەندبوون و خستبوونییە بن سەریەوە، نا لەسەر جادەکە بوون، لە ناوەڕۆی جادەکەدا بوون، لەوێدا بوون، هەردووکیان، بۆ خۆیان، من پێم وابوو کە ئیدی ئەو برادەرە نوستووە و پێویستی پێیان نییە، چونکە لەپێی خۆی داکەندوون. هەروا عارەبانەیەکی پێ بوو کە پڕ بوو لە گەنوگوو، بۆیە ئیدی من دەکرێت بڵێم پێڵاوەکانم ماشییەوە، ئەوا ئێستاش دیارنەماون... ڕەنگیان چۆن بوو... خۆت دەبینیت کە من حاڵی حازر هیچم لەپێدا نییە.

**کییر:** بەهەرحاڵ قاوەیی نەبوون.

**کول:** ئەو ڕەنگەی تریش نەبوون!

**کییر:** ئا، بەڵام ئەی چیت لێ کردن؟

**کول:** هەڵبەت ئەمە ئەو شتەیە کە نایزانم!

**کییر:** بەهەرحاڵ دوێنێ لەپێتدا بوون؟

**کول:** گەر دوێنێ لە پێمدا نەبوونایە ئەوا هەڵبەت ئەمڕۆ ئاوها تاسەم نەدەکردن... ئێستا ئاوها لێم بزر نەدەبوون.



**کییر:** تۆ ڕەنگە... ئا، تۆ ڕەنگە...

**کول:** نا.

**کییر:** نا، وایە. [وچانێکی کورت] وایە.

**کول:** ڕەنگە کەسێک دزیبنی.

**کییر:** ئەدی بۆ؟

**کول:** بەڵام لێ دا نازانم.... ئەرێ بۆچی خەڵک وا دەکەن، بۆ پێڵاوەکانیان دەدزن. بۆچی وا دەکەن؟

**کییر:** ئا، نازانم. [وچان] خۆ پێڵاوی من نییە.

**کول:** نا، من دەزانم.

**کییر:** ئێ باشە.

**کول:** پێڵاوی من.... هەی من.

**کییر:** ئیتر نا.

**کول:** هی من نەبوون، لەبەرئەوەی هێشتا هەی من.

**کییر:** جا ئەوە چ گرنگییەکی هەیە؟ هەی تۆ بووبن یان هەی تۆ بن؟

**کول:** چ گرنگییەکی هەیە؟ [وچان] هەڵبەت ئەوە هەموو جیاوازییەکانە. ئەوە هەموو ئەو جیاوازییە گەورە نەفرەتییەیە.... هەی من بووبن یان هەی من بن!

**کییر:** **گە**ر تۆ ئەو پێڵاوانەت نەبووایەن.

**کول:** گەر مرۆڤ هەیبووایەن یان هەیبن.

**کییر:** ئەی کوان؟

**کول:** چیی؟

**کییر:** پێڵاوەکان.

**کول:** هەڵبەت ئەمە ئەو شتەیە کە نایزانم.

**کییر:** جا ئەوە چ گرنگییەکی هەیە گەر ئەو پێڵاوانە هەبووبن یان هەبن، گەر تۆ نەتبووایەن، گەر ئەو پێڵاوانە هەبووبن یان هەبن گەر تۆ نەتبووایەن.... جا ئیدی ئەوە چ گرنگییەکی هەیە؟

**کول:** لەبەرئەوەی ئەمە جیاوازییە نەفرەتییە گەورەکەیە!

**کییر:** چیی؟ [وچان] لەبارەی چییەوە دەدوێیت؟

**کول:** لەبەرئەوەی ئەمە جیاوازییە نەفرەتییە گەورەکەیە، هەموو جیاوازییە نەفرەتییە گەورەکەیە!

**کییر:** چیی؟

**کول:** گەر هەبووبن یان هەبن!

**کییر:** کام جیاوازیی نەفرەتی؟

**کول:** گەر هەبووبێ یان هەبێ!

**کییر:** [دوای وچانێک] هەی بەڵام لێت دا ئەوە باسی چی دەکەیت؟ (ئاوڕ دەداتەوە و پرسیارئامێزانە تەماشای کەسێک دەکا کە لەوێ نییە).

[تاریکی]

[ڕووناکی]

[تاریکی]

[ڕووناکی]

[تاریکی]

[ڕووناکی]

[تاریکی]

[ڕووناکی]



دیمەنی ١٧

**کییر:** ئێستا ئیدی چۆن دەبێ؟ [وچان] ئێستا ئاوها دەبێ یان چۆن دەبێ؟ [وچان] ئێستا ئاوها دەبێ؟ ئایا ئەمە.... ئێستا ئەمە ئاوها دەبێ.

**کول:** کات تێدەپەڕێ؟

**کییر:** بەڕاست. [وچان] تێ دەپەڕێ؟

**کول:** ئا، ئەوان وا دەڵێن؟

**کییر:** ئەوان چیی دەڵێن؟

**کول:** کات تێدەپەڕێ.

**کییر:** باشە. [وچان] بۆ ئەوان باشە؟

**کول:** دەڵێی چیی؟ [وچان] دەڵێی چیی؟

**کییر:** گوتم، بۆ ئەوان باشە.

**کول:** کام ئەوان؟

**کییر:** ئا، نازانم.

**کول:** ئەدی هیچ ژنێک هەیە؟

**کییر:** ئۆف چ بابەتێکی غەمگینە. دەبێ ئەو ژنە شێوەی چۆن بێت؟ چ تەرزێک؟

**کول:** ئەو ژنە شێوەی چۆن بێت؟ کاتێ دەیبینم، ئەوە دەزانم.

**کییر:** بەڵام بڵێ دەبێ شێوەی چۆن بێت.

**کول:** ئەدی بۆ؟

**کییر:** ئا، بەڵام دەبێت وا بێت.... چیی دەبێ وا بێت... خۆشە.

**کول:** ئا، بەڵام خۆ ئەو دەنکی منە. تۆیش باسی دەنکی خۆت کە.

**کییر:** من نامەوێ چ دەنگێکم هەبێ.. یەک زەڕرە بە دوای ئەوەوە نییم.

**کول:** ئەدی بۆ؟

**کـیـیـر:** لەبەرئەوەی من.... ئەدی لەبەرئەوەی چیی... لەبەرئەوەی پێم نەماوە، من ئیدی لێ بوومەتەوە.... ئەگینا چۆن دەکرێت بەڕێ کرێ... ئەوسا هەڵبەت بنیام شێت دەبێ... نامەوێ ئەوە بکەم. (لە ئەژنۆی خۆی دەدا، لەسەر لا ڕادەکشێ و باسکێکی دەنێتە بن سەری، سەری بەرز دەکاتەوە).

**کییر:** (بەردەوام دەبێ)

ناتوانم لەگەڵ چ ژنێکدا هیچ بە هیچ بکەم... بەم چاکەتەی بەرم و بەم وەزعەی خۆمەوە... بەم وەزعەوە... ئەوەتا گۆرەویم لەپێدا نییە، بەڵام پێڵاوم هەیە.

**کول:** گوتت چیی؟

**کییر:** نازانم... چیم گوت؟

**کول:** گوتت کە... گوتت کە... هەتە... تۆ هەتە...

**کییر:** چیم هەیە.

**کول:** شتێکت هەیە؟

**کییر:** ئا، وایە... من هەمە... پێڵاو نییە؟

**کول:** پێڵاو! پێڵاو!

**کییر:** چیی بووە؟ خوام کرد بەگژتا لەبەر چیی دەقیژێنیت!

**کول:** خۆیەتی! خۆیەتی! پێڵاوەکانمە! پێڵاوەکانم! بیرم لە پێڵاوەکانم کردەوە!

**کییر:** بیرت لە پێڵاوەکانت کردەوە.... ئەدی دەقیژێنیت...



**کول:** کوان پێڵاوەکانم! خوایە، پێڵاوەکانم کوان... خوایە... کوان پێڵاوەکانم...

**کییر:** پێ توایە خوا دەزانێ پێڵاوەکانت لەکوێن؟

**کول:** من چ پێڵاوێکم نییە... چ پێڵاوم نییە... چ پێڵاوێکم نییە...

**کییر:** من پێڵاوی خۆم هەیە... بەڵام کوا قەیتانەکانی، کوا قەیتانی پێڵاوەکانم... کێ.....

[تاریکی]

[ڕووناکی]

[تاریکی]

دیمەنی ١٨ A

**کول:** هەمدیس دەستمان پێ کردەوە.

**کییر:** چیی؟

[ڕووناکی]

**کول:** بەمە.

**کییر:** بە کامە؟

[تاریکی] [وچان] دەستمان بەچی کردەوە؟

**کول:** بەمە...

[ڕووناکی]

بەمەی کە کۆتاییی هات...

**کییر:** نازانم.

[تاریکی]

**کول:** لەبارەی چییەوە پرسیار دەکەیت؟

**کییر:** ئا، خۆت وات گوت.

**کول:** تاریکە یان ڕووناک؟

**کییر:** ڕووناک؟

**کول:** بەڕاست ڕووناکە؟

**کییر:** من باش نیم، ناتوانم دانیشم... شتێک لە کۆممدایە.

**کول:** خواحافیز.

[ڕووناکی]

[تاریکی]

**کول:** خواحافیز...

[ڕووناکی]

من چاو لێک دەنێم.

دیمەنی ١٨ B

**کول:** خەریکی چییت؟

**لوکا:** گوێ لە چوارینەیەکی ژێداری بیتهۆڤن دەگرم، ئۆپۆسی ١٣٢، من هەندێ جار خێرا هەڵی دەکەمەوە. چونکە تەنیا حەز دەکەم گوێ لەو بڕگە جوانانە ڕادێرم.

[تاریکی]

[ڕووناکی]



دیمەنی ١٨ C

**کییر:** ئەوە خەریکی چییت؟

**کول:** گوێ لە Honky Tonk women دەگرم.

[تاریکی]

[ڕووناکی]

دیمەنی ١٩ A

**کییر:** (ئاوڕ دەداتەوە و وەک لوکا ڕادەکشێ)

**کول:** (هەمدیس قۆڵی چاکەتەکەی شل بووستەوە. بەکاوەخۆ ڕای دەکێشێت، وەک بۆڕی ڕەقە، لێیەوە دەنۆڕێت، لێیەوە فوو دەکا و پاشان بەرزی دەکاتەوە، پەشیمان دەبێتەوە، هەڵی دەبڕێ و هەوڵ دەدا دەلاقەکەی وەک کڵاوێک بە سەر کەللەسەریدا داباتەوە، نا، ناتوانێ، هەمدیس و هەمدیسان هەوڵ دەداتەوە، کۆڵ دەدا، پاشان هەمدیس بەرزی دەکاتەوە و بە شانی کبیر یدا دەدا کە چ کاردانەوەیەک نانوێنێت. قۆڵی چاکەتەکە بە نەبزواوی دەنووشتێتەوە، بەڵام هیچ ڕوو نادا. کاتێ هەمدیس بەرزی دەکاتەوە هەمدیس دەنووشتێتەوە، بە ڕوانینێکی نائومێدانە تەماشای قۆڵەکە دەکات)

**کییر:** (هەڵدەسێ، پێڵوو لێک دەنێ، بەکاوەخۆ چاوانی دەکاتەوە)

[تاریکی]

[ڕووناکی]

دیمەنی ١٩ B

**لوکا:** گەر مرۆڤ تەنیا بیتوانیایە ئەمە بکا، تەنیا ئەمە، پەنجەکانی بتەقاندایە ئەوسا هەموو شتێک دەبڕایەوە، ئەوسا هەموو شتێک دەبڕایەوە بەو شێوەیەی کە مرۆڤ نایەوێ، بەو شێوەیەی ئەوێ، بەو شێوەیەی سەر ڕێگاکە، وەک خراپکردن و تێکدان، کە تەنیا گەندوگووی لێیە، هەر کە مرۆڤ تەنیا کەمێک پەنجەکانی بتەقاندایە ئەوا ئەوە نەدەما، لەوە زیاتر نەدەبوو، تەنیا ئاوها بیتەقاندایە... (پەنجەکانی دەتەقێنێ) ئەوسا کەس گوێی لێ نەدەبوو. بیتەقێنە.... Your gone ... گەر ئاوها پەنجەکانم بتەقاندایە ئەوا ئیتر تۆ لەوە زیاتر نەمایت، تۆ دیار نەدەمایت.

**کول:** من؟ من ماوم. من لێرەم.

**لوکا:** خۆ من هێشتا نەمتەقاندووە. یەک چرکەی تر دەیتەقێنم و ئیدی تۆ دیار نەماویت.

**کول:** بە نەفرەتی کە.

**لوکا:** ئاوها. (دەیتەقێنێ) من گوتم چیی؟ [وچانێکی کورت] تۆ دیار نەماویت.

**کول:** من؟

**لوکا:** بەڵێ، ئەوە تۆیت. تۆ دیار نەماویت.

**کول:** بۆ کوێ؟

**لوکا:** نازانم. بەهەرحاڵ تۆ لێرە نیت.

**کول:** ئەی لە کوێم؟



**کییر:** نازانم. تۆ بوونت نەماوە.

**کول:** من لێرەم! من لێرەم!

**لوکا:** نا، ئەوە تۆ نیت. من بە پەنجە تەقاندن بە یەکجاری نەمهێشتیت.

**کییر:** ئەی من؟ من لەکوێم؟

**لوکا:** تۆ لێرەیت. هێشتا پەنجەم لە تۆ نەتەقاندووە.

**کییر:** بەڵام لە بری ئەوە پەنجە لەوانە بتەقێنە، ئەوانەی کە لەوێ دانیشتوون، ئەوانەی کە دانیشتوون و قسە دەکەن وەک...

**لوکا:** ئۆکەی. (پەنجە دەتەقێنێ)

**کییر:** ئەدی ئەوان دیارنەمان؟

**لوکا:** ئا، دەبێ دیار نەمابن.

**کییر:** ئەوە کامیانە لەوێ، کە لە دوای ئەوانەوە دانیشتووە و دیار نەماوە؟

**لوکا:** کامە؟

**کییر:** ئەوەی لەوێ دانیشتووە، لەوێ کە ئەوان دانیشتوون؟

**لوکا:** ئەوانە خەڵکانێکی ترن، بەردەوام خەڵکی تازە دێن.

**کییر:** دەی پەنجەیان لێ بتەقێنە. بۆ حاڵەتی ئەمنی. جارێکی تر پەنجەی لێ بتەقێنە.

**لوکا:** ئێستا لەوەندە زیاتر بڕستم نییە. ئاخر ئەمە شتێکی تاقەتپڕووکێنە. کاتێ ئەوە دەکەم دەبێ هەموو شتێکی تر وەلاوە بنێم. کاتێ پەنجە دەتەقێنم.. من دەبێ... هەر تەواو پێم نامێنێ. هەر تەواو لە پەلوپۆ دەکەوم. بە ماوەیەکی کەم پەکم

دەکەوێ. من هونەرمەندم. هونەرمەندی سێبەر. هەموو ئەوەی پێمە دەیدەم.

[تاریکی]

[ڕووناکی]

دیمەنی ١٩ C

**کول:** خەڵکانێک هەن کە دوو سێ ساڵە مردوون بێ ئەوەی مرۆڤ بیریان بکا، ئەمەش مانای ئەوە نییە مرۆڤ تەنیا کاتێک بیری ئەو مردووانە دەکات کە چەند ساڵێکی تریش لە قەبردا ڕاکشابن. ئەمە ئاوهایە.

**کبیر:** لەو بارەیەوە، کەس نییە دوای دە بیست ساڵ بیریان بکا.

**کول:** دوای دە بیست ساڵ هەڵبەت خەڵکی دەکەونە لەبیرکردنیان.

**کبیر:** بۆچی ئەمە دەڵێیت؟ بۆچی قسە لەبارەی ئەمەوە دەکەیت؟ بۆچی دەستت بەم قسانە کردووە؟

**کول:** ئیتر گوتم.

**کبیر:** ئەی چ کەسێک هەیە کە بیرت بکا؟

**کول:** زۆر زۆر. بەهەرحاڵ زیاتر لە تۆ. من هەموو ئەو خەڵکانەم هەن کە بیرم دەکەن.

**کبیر:** پێت وانییە کە منیش خەڵکانێکم هەبێ بیرم بکەن؟

**کول:** ئەگەر ڕاست دەکەیت دەی ناوی یەک کەسم پێ بڵێ کە بیرت بکا. ناوی تەنیا یەک عەمرنەماو کە بزانێ تۆ هەبوویت، کە بیرت بکا، کە یەک تاقە خەیاڵی لەبارەی تۆوە لە سەردا بێت.

**کبیر:** تۆ.



**کول:** بەڵێ؟

[تاریکی]

[ڕووناکی]

دیمەنی ١٩ D

(کبیر، لوکا لە خاچ دەدا. کول تەماشا دەکا. کاتێ کبیر ئامادە دەبێ کول یەک زەربە لە دواوە لە لوکا دەدا. دەکەوێ).

[تاریکی]

[ڕووناکی]

دیمەنی ٢٠ A

**کول:** تۆ.

**کبیر:** تۆ. [وچان] ئا.

**کول:** تۆ. [وچانێکی کورت] کەمێک بیرم لە ناوەکەت کردەوە، ئێستا کاتێ کە لێرە بووین.

**کبیر:** تۆ. [وچان] بیری لێ مەکەوە.

**کول:** کبیر. [وچان]

**کبیر:**. چییە؟ [وچان] ئەمە لەکوێوە هاتووە؟

**کبیر:** گوتم، وا مەکە. فەرامۆشی کە.

**کول:** ئا، بەڵام ئەوەی دێت لە شوێنێکەوە دێت.

**کبیر:** گووی تێ کە.

**کول:** ئا، وا دەکەم. تەماشا کە.... ڕوودەدا.... ئەوەی ڕوودەدا ڕوو دەدا، یان چی دەکا؟

**کییر:** قەپۆزت داخە.

**کـــول:** وەک ئەوان دەڵێن ئەوەی ڕوودەدا ڕوو دەدا. [وچان] ڕوو دەدا. [وچان] ئەمە چ ناوێکە؟

**کییر:** جگە لەوەش تۆ لە کوێ بوویت؟

**کول:** کەی؟

**کییر:** ئا... کاتێ.. کاتێ... کاتێ.... کە لێرە نەبوویت.

**کول:** [وچان] هەڵبەت لە خەستەخانە بووم، خۆ من باسی ئەوەم کرد.. ئێمە پێشتر لەو بارەیەوە قسەمان کرد...

**کییر:** نەخۆش بوویت یان لەوێ کەوتیت.

**کول:** ئا لەوێ کەوتم، ئاخر تێم هەڵدرابوو.

**کییر:** ئەدی بۆ؟

**کول:** بۆ؟ (دەست دەکاتە پێکەنین)

**کییر:** بۆ نازانیت؟

**کول:** هەڵبەت هیچ بەهانەیەک نەبوو... کە ئاوها لە بنیام بکرێت.

**کییر:** ئەدی کامە بوو؟ کەسێک بوو، کەسانێک بوون؟

**کول:** نا، بەڵام نەمدەناسین... ئەوانیش منیان نەدەناسی.

**کییر:** چەند کەسێک بوون... زیاتر لە کەسێک... کە وایان کرد، ئەرێ چییان کرد؟

**کول:** ئا، ئەوان... هەڵبەت ئەوان پێنج شەش کەسێک بوون، زیاتر لە.... نەمژماردن، ئەوان بە لەقە تێم بەربوون و زگیان بریم، چونکە ئەوان بەدوای کەمێ بەزم و سوعبەتەوە بوون. کە وایان لێ کردم، من نەمژماردن.



**کییر:** بەڕاست.

**کول:** (برینەکەی پیشان دەدا، جێ برینێکی درێژ کە نییەتی، لە ژێر پشتوێندەکەیەوە دەست پێ دەکا، ئەو زنجیرێکی پاسکیلی وەک پشتوێند بەستووە، بۆیە برینەکەی نابینرێ، برینەکە تا سینگی دەگا، لەنێوان گۆی مەمکیدا کە ئەویش نابینرێ، قەفەزەی سینگی سپیی و تۆزاوییە). ئەوەتا دەیبینیت، وەک برینێک کە... کە بیرم نایەتەوە چەند بوون... یان لە دوو سێ کەس زیاتر بوون، گەر ڕاست ژماردبێتمن هەژدە کەس دەبوون.

**کییر:** هەژدە؟

**کول:** ئا، بۆ ئەمە.....

**کییر:** هەڵبەت ئەوە چ نییە. ئەدی تەماشایەکی ئەمە بکە، کە من لێرە لەبەرمدایە.

**کول:** ئەوە بۆ من باشە هەی قورمساخ! ئەوە بۆ من باشە، تۆ کە... تۆ کە... تۆ کە... چیی؟

**کییر:** ئەدی ئەمە چییە؟

(تیشێرتە پیسە ڕەساسییەکەی هەڵدەبڕێت، ئەو پیتە ڕەشە پیشان دەدا کە بە لاسینگی چەپییەوەیەتی... پیتەکە M ە یان ڕەنگە W بێت) ئەوان ئەمەیان بڕی... ئەوان وایان کرد.. پاشان ئەسیدی هایدرۆلیکی پاتری تێزابیان بەسەردا ڕشت، دکتۆرەکە وای گوت کە دەبێ دوای بڕینی سینگم ئەسیدی هایدرۆلیکی پاتریان بەسەردا ڕشتبێ، بۆیە ئاوها تەڕ و تازەیە.

**کول:** چیی؟

**کییر:** ئەمە؟

**کول:** ئەمە چییە؟

**کییر:** ئەوە؟

**کول:** ئا، ئەوە!

**کییر:** ئەوە؟ ئا، ئەوە... ئەوە پیتێکە... پیتێکە. M یان شتێکی تر.[وچان] ئەوە M ێکە. ئێمێت.

**کول:** M؟ [وچانێکی کورت] وایە؟

**کییر:** ئا، ئوم... ئوم.

**کول:** لە W دەچێ.

**کییر:** ئا، بەڵام M ە... شتێکی گەورەیە... گەورەی شتێک.

**کول:** M؟

**کییر:** یەک M ی گەورە. [وچانێکی کەم] هەر زۆر ئاساییيە.

**کول:** ئا، ئەمە ئەوەیە کە چرکەیەک لەمەوبەر بە قوونییەوە دانرا.

**کییر:** گوتت چیی؟

**کول:** گوتم چیی؟ گوێم لێ نەبوو.

**کییر:** بەهەرحاڵ.

**کول:** ئا. بەڵام بەهەرحاڵ لە W یەک دەچێ، دەبڵ ڤییەک، دەبڵ ڤیی.

**کییر:** ئا، بەڵام وەک M ێک ئێشی هەیە.. خۆم باش دەزانم.. خۆم باش دەزانم کوێم دێشێ، خۆم دەزانم ئەوە چۆنە... ئێشێکی هەبوو کە ئێستا نییەتی، بەڵام هەیبوو... هەیبوو... بەڵام بەهەرحاڵ لەوێدا زۆر جوانە کە لەوێدا پاڵ دەکەوێ.

**کول:** ئەدی چ کەسێک لەوێ بە هاناتەوە هات یاخۆ ئەوان لێیان دای؟



**کییر:** بە هانامەوە بێت.... نا، بەو جۆرەی خۆم دەمویست نەحەوامەوە... هەڵبەت ئیدی شتێکم خواردەوە، خۆت دەزانیت.

**کول:** چیی؟

**کییر:** دژی دڵخورپان.

**کول:** دژی دڵخورپان... ئەی ئەوەی ئەوێ چییە کە پاڵ کەوتووە؟

**کییر:** دژی هەموو شتێک. دژی هەموو دڵخورپانێک، هەموو شتێک کە زۆر خێرا... ڕوودەدا.. کە تەنیا.

**کول:** ئێ ئێ، ئاوها.

**کییر:** ئا کە هەبووە.

**کول:** بەڵام ئەوان... ئەوان کە ئەسیدی هایدرۆلیکی پاترییان پێ بوو... ئەوانەی کە ڕشتیان... ئەوەیان لە گیرفاندا بوو؟

**کییر:** نا.

**کول:** بەڵام... بەڵام ئەو شتەیان لە کوێ بوو کە ڕشتیان.

**کییر:** لەوێ.. لەوێ ئەوان پاترییەکیان هەبوو، ئا، لە ترومبێلێکدا... نازانم.

**کول:** بە ئەسیدی هایدرۆلیکی پاترییەوە... کە وشک نەبووبوووە... کە مابوووە... کە وشک نەبووبوووە؟

**کییر:** یان نەفرەت چیی! [وچان] نازانم. با. هەڵبەت من تۆقیبووم... من تیاچووبووم. بەخەیاڵمدا هات کە ئیدی من دەمرم، بە خەیاڵمدا هات کە ئیدی ئەمە کۆتاییە. نەمپرسی کە ئەوەیان لە کوێ بوو، ئەوە چییە... چ ترومبیلێک بووە، لە کوێیان بووە! پێیاندا ڕشتم! پێیاندا ڕشتم و قیژاندم.

**کول:** ئا، ئا.... تۆ ئاوهایت... من له دۆخێکی تەندروستیی باشدام.

**کییر:** ئا، منیش. نەفرەت، من له دۆخێکی تەندروستیی باشتردام له تۆ. [وچانێکی درێژ] من پێم وایه که شێرپەنجەی سیمه.

**کول:** خۆ تۆ ناکۆکییت.

**کییر:** به دەرد ناخوات. [وچانێکی درێژ] به دەرد ناخوات که بونیام بکۆکێت. ئەوه لەوێدا دەمێنێتەوه. لەوێ دەمێنێتەوه.

**کول:** M. M.M.M. [وچان]

M.M. M؟ [وچان]

M.M [وچانێکی درێژ] من لەکوێ ئەوەم بینی؟

**کییر:** (هەمدیس بلوسەکەی هەڵدەداتەوه، ئاماژه دەکا)

دیمەنی ۲۰ B

**کول:** شێرپەنجە ئێستا تەواو شتێکی ئاساییە... هەموو شتێک شێرپەنجەیه... هەموو شار بریتییه... زەمەن خۆی شێرپەنجەی هەیه.

**کییر:** ئا.

**کول:** زەمەن خۆی شێرپەنجەی هەیه.

**کییر:** یان ئایدز.

**کول:** ئەوەش هەر شێرپەنجەیه. ئەوه شێرپەنجەیه کاتێک.... کاتێک ئایدزه.

**کییر:** بەڕاست؟

**کول:** (شتێک له دەمیدا دەردەکێشێت، تەڵه قژێکی درێژ) ئایدز یان شێرپەنجه... ئەوه چییه! نەفرەت چیی دەکەیت!



**کییر:** نازانم... نازانم ئەوه چییه...

**کول:** خەڵکێکی میهرەبانی به وێژدان!

**کییر:** ئەوه چییه؟ (ترساو) ئەوه چییه؟

**کول:** نەفرەت ئەوه چییه... تۆ لەوێیت که لەوێیت.. چیی؟

**کییر:** نازانم.. نازانم ئەوه چییه.

**کول:** بەسه... ئەرێ بەسه هەی نەفرەت!

**کییر:** ئا، من هەڵبەت ئەوه دەکەم... بەڵام کەچی ئەمه دێت.

**کول:** بەڵێ؟

**کییر:** ڕەنگه تەڵه دەزوویەک بێت، شتێکی لەو جۆره.

**کول:** ڕەنگه دەزوو بێت.

**کییر:**دەزوو؟

**کول:** دەزوو.... دەتوانیت قسه بکەیت بەڵام تۆ...

**کییر:** دەزووی چیی؟ هەرچییەک بێت، ئا، من دەتوانم.

**کول:** چیی دەتوانیت؟

**کییر:** ئا، هەڵبەت تۆ پرسیت گەر من بتوانم بدوێم... دەتوانم.

**کول:** ئا، بەڵام من یەکەمجار لەبارەی دەزووەوه دوام، که تۆ... لەوێ.

**کییر:** ئا، ئەوه لێرەدایه.

**کول:** که پێکەوەی ڕادەگرێ.. که هەموو شتێک پێکەوه ڕادەگرێ.

**کییر:** ئەمه؟

**کول:** ئا، که هەموو شتێک پێکەوه ڕادەگرێ... ئەوسا که تۆ دەکشێیتەوه و تەواو دەبیت ئەوسا هیچ شتێک نامێنێت، تۆ دەزانیت، وەک پاڵتۆ.

**کییر:** ئا.

**کول:** (کەللەییبووانە) دەزووی قۆپچە بە پاڵتۆکەوە!

**کییر:** ئا... ئا، نا.[وچان] چیی؟

**کول:** بیبڕەوە.

**کییر:** ئا، من بڕیمەوە، بەڵام ئەمە... خەریکە... هێشتا.

**کول:** من دەمبڕییەوە گەر لە جێی تۆ بوومایە ... من نامەوێ... دەریکێشە.

**کییر:** نا. من لێرەدا ڕاوەستاوم. بنۆڕە. هیچ شتێک.

**کول:** دەریکێشە.

**کییر:** ئا بەڵام من وا ناکەم.

**کول:** من دەریدەکێشم گەر من لە.... جێی تۆ بام.

**کییر:** وات دەکرد؟ هەر بەڕاست تۆ زۆر قسەی قۆڕ دەکەیت.

**کول:** ئەو قسانە باشترە لە قسە لەبارەی شتی ترەوە.

**کییر:** کێ وای گوت؟

**کول:** من نا.

**کییر:** منیش نا.

**کول:** نا.[وچان] نەفرەت کات تێ دەپەڕێت. لەگەڵ کاتدا ئەو دەڕوا. کات دەڕوا، بەڵام ئەو نا. کات ناڕوا، بەڵام ئەویش ناڕوا. ئەدی کێ دەڕوا؟

**کییر:** [دوای وچانێک] نا، بەڵام... کات... کات شێرپەنجەیەتی.

**کول:** گوتت چیی؟ شێرپەنجە؟ کات؟

**کییر:** ئا، کات.... شێرپەنجە کاتی هەیە.. چ کەسێک گوتی.. من دەبێ



گوێم لێیان بووبێ... کە ئەمەیان گوت.

**کول:** مەبەستی ئەو لە کات چیی بوو... بەڵام لێی دا هەڵبەت کات خاوەن هیچ نییە. شتێک کە تەنیا بڕی دەکرێ شتێکی هەبێ یان شێرپەنجە.. کە نەخۆش بێت. هەڵبەت کات شتێکی هەیە... بە شێوەیەکی ئەبستراکت یان کۆنکرێتی، ئەوە چیی پێ دەڵێن. هەڵبەت کات شتێکی ئەبستراکت یان کۆنکرێتییە. خۆ نییە. ناکرێ نەخۆش کەوێت. ئەوە تەنیا شتەکانن کە دەکرێ نەخۆش کەون و بمرن. ئەو شتەی کە نەبێت ناکرێ بمرێت... کەواتە خودا نامرێت.

**کییر:** نا. [وچان] ئیدی ئاوها بنیام لە بارەی کۆمەڵ و هەموو شتێکەوە قسان دەکا... ئیدی ئەوە نەخۆشییە کە ئەوان لەبارەیەوە دەدوێن... ئەوان قسە لەبارەی کۆمەڵگەوە دەکەن کە نەخۆش کەوتووە.

**کول:** ئەوانە قسە زۆر دەکەن.[وچان] ئەوانە نازانن لەبارەی چییەوە چەنە دەدەن.

**کییر:** نا، ئاوانە تەنیا چەنە دەدەن.

**کول:** ئەوانە هیچ شتێکیان نەبینیوە.

**کییر:** نا، ئەوانە تەنیا لەبارەی هەموو شتێکەوە چەنە دەدەن.

**کول:** ئەوانە هیچ شتێکیان نەبینیوە. ئەوانە منیان نەبینیوە. من نەخۆشم.

**کییر:** ئەوانە دەتوانن لەبارەی هەموو شتێکەوە چەنە بدەن.

**کول:** ئەوانە بەوە ناسراون.

**کییر:** ئای گەر ئەوانە ئەو شتانەیان ببینیایە کە ئێمە بینیومانن.

**کول:** بێگومان. [وچان] چیی؟

**کییر:** ئا.

**کول:** وایە.

دیمەنی ٢٠ C

**کییر:** ئا، دوێنێ...va det gr ؟(*) ئا. ئەدی ئەوە چیی بوو. ئەوە بوو. چووم بۆ ئەوێ و ئەوسا بینیم و ئینجا مشکێکم بینی کە لەو ژێرەوە لەسەر شتێکی خوێنتێزاو کروشکەی کردبوو، تۆ دەزانیت، لە خواری خوارەوە، وەک قاڵدرمە یان شتێک لە تونێلەکەدا، تۆ دەزانیت پەنجا مەترێک لە تەرمینالەوە، لە خوارەوە، وەک..... سپی بوو... خوێنتێزاو، وەک حەریر وا بوو.

**کول:** وەک چیی بوو؟

**کییر:** وەک بۆرەک وەک شتێکی سپی کە لەو خوارەوە وەک قاڵدرمەیەک یان شتێک کە دەچێتەوە سەر شتێک لەوێ لە تونێلبانەکەدا دەزانیت پەنجا مەترێک لە... تاریکیەوە، لە خوارەوە.... تەرمینال.

**کول:** لەو خوارەوە؟

**کییر:** ئا، لەو خوارەوە.

**کول:** تۆ لەوێ بوویت؟

(*) لە دەقە سویدییەکەدا گەمەکردنێکی زمانەوانی هەیە، بە هەردوو وشەی yär, iyär کە هەردووکیان مانایەکی جیاوازیان هەیە. و. کوردی.





**کییر:** ئا، لەوێ. تەنیا بەدوای جێگەیەکدا دەگەڕام تا لێی بنووم... لەوێ لەودیوەوە، ژوورێک هەبوو.... ژوورێک هەبوو کە لەوێ هەمبوو... کە دۆشەکەکەمی لێ بوو... شتەکانی خۆم و.... هەموو شتێکم هەبوو. بەڵام ئێستا ئیدی نەمماون.... ئینجا دەبێ جارێک بەر لە کریسمیس لە دیسەمبەر و ئەو شتانەی ڕابردوودا چونکە خێزانێک لەوێ بوون کە درەختێکی گچکەی کریسمیسیان لەوێ هەبوو بە [ڕووناکی] و گڵۆپ و شتێکەوە کە پرشنگی دەدا و دەخولایەوە و گۆرانییەکی لێدەدا.... مانگی دیسەمبەر بوو... بەهەرحاڵ ئیتر ئاوها بوو... بەهەرحاڵ، لە خوارەوە، دەزانیت، کاتێ کە [ڕووناکی]ەکە لە قەتارێکەوە کە پرشنگی دەدا دای لەو مشکەی ئەوێ... کە بۆم باس کردیت، کە لەوێ بوو، کە تەنها لەوێ و هەر ئاوها مشەمشی بوو... بەڵام هێند بچکۆلەش نەبوو کە ئیدی ئەو [ڕووناکی]ە لەمیدا و ئەمیش کەوتە هەڵلەرزین.

**کول:** ئەدی چۆن؟

**کییر:** وەک ئەوانەی وا دەکەن، وەک ئەوانەی سەرمایان دەبێ، وەک ئەوانەی وەک بلێی بمرن، هەمیشە هەڵدەلەرزن، وەک ئەوانەی هەوا دەگۆڕن بەدوای شتێکدا کە دانی لێگیرکەن، ئەوانەی وا قەپاڵ دەگرن کە وەک فریشتەیەکی بچکۆلە وەدیاردەکەون، ئەوسا ئەوە وەک فریشتەیەکی بچکۆلە لەوێدا کە دەیەوێت خۆی فڕێ بداتە دەرەوە بۆ ناو...... بۆ ناو... بۆ ناو..

**کول:** ناو.... چیی؟

**کییر:** ئا، ناو قولایی... شتێک... سەرەوە بۆ ناو ئەو میزە

[ڕووناکی]ەی کە لەوێدا دووکەڵ دەکا وەک..... دەرژێتە ناومەوە وەک ئەوەی ماوەیەکی درێژ بێت نەمبینیبێت کە ئەوە لەنێومدا بێت. بەهەرحاڵ بەشێوەیەکی نەفەرەتاوی نزیک، وەک فریشتەیەکی قورمساخ... کاتێک قەتارەکە هات، کاتێک قەتارەکە لە پێچەکەوە هات... توانی بێتە نێومەوە، توانی بمخوات، چووە قورگمەوە.... هیچ گەندو گوویەک لەوێ لە ناو قەتارەکەدا نەبوو کە شتێک ببینن یان شتێک بکەن؟

**کول:** ئەوە تۆ باسی چیی دەکەیت؟

**کییر:** باسی چیی دەکەم؟

**کول:** ئا، باسی چیی دەکەیت؟

**کییر:** ئا، نازانم.... ئەوە تەنها ئاوهایە کە مرۆڤ شتێک.... دەبینێ.

**کول:** باشە بازیدا؟

**کییر:** ئەو؟ [وچان] وەک ئەوەی چەند باڵیکی نەفرەتیی هەبێت.

**کول:** ئەی دوایی؟

**کییر:** نا، نازانم، لەبەرئەوەی دوایی هەمدیس تاریک داهات... کاتێک قەتارەکە. دوایی ئیتر هیچ... لە کوێوە بزانم. پاشان ڕۆیشتم نەختێک قسەم لەگەڵ ئەوانەدا کرد کە درەختی کریسمسەکەیان هەبوو، بەڵام ئەوان کۆڵۆمبیی بوون، بۆیە نەمتوانی قسەیان لەگەڵ بکەم، ئینجا ڕۆیشتم و ڕاکشام لەبەرئەوەی ئەوان بە زمانێکی تر دەدوان و بێلەوەش ئەوان هیچیان نەگوت. ئەوان تەنها لەوێ دانیشتبوون. تێنەگەیشتم ئەوان چییان دەگوت بۆیە منیش ڕۆیشتم و پاڵکەوتم. پێدەچوو ئەوانە خەڵکی هیندۆراس بن.



**کول:** پاشان پاسەوانەکان هاتن و بەر لەقەیان دایت.

**کییر:** ڕێک وابوو. لە بیست دەقیقە زیاتر نەنوستبووم. پاشان چووم بۆ لای خانمی میەرەبانی کڵێسا و وا بزانم تا دایانخست ساتێک لەوێ دانیشتم. تا دایانخست. ئیتر بۆ خۆم هاتمە دەرێ.

**کول:** چوویت بۆ کوێ؟

**کییر:** چووم بۆ کوێ.[وچان] بڵێ.[وچان] گەر ئەوە ئەو جارە بووبێ.

[وچانێکی درێژ]

یان جارێکی تر.

**کول:** تەواو بە هەمان شێوە.[وچان]

[تاریکی]

[ڕووناکی]

دیمەنی ٢٠ D

**کول:** چیی دەکەیت؟

**کییر:** دەستپەڕ.

**کول:** خۆشە؟

**کییر:** ئا.[وچان] نەء.[وچان] خۆی هەر بووە؟

**کول:** نازانم. بیرم چووتەوە چۆنچۆنی بووە.[وچان] دەسپەڕ دەکەیت؟

**کییر:** ئا... نەختێک.

**کول:** خۆشە؟

**کییر:** نازانم.[وچان] ڕەنگە وا بێ.[وچان] نەء.[وچان] بنیام ناباتەوە هیچ کوێ.

**کول:** ئەدی دەست بگۆڕە.

**کییر:** ناتوانم. تەمەنم چلوسێ ساڵە.

**کول:** ئێستا چیی دەکەیت؟

**کییر:** تەواو بووم.

**کول:** تۆ ئێستا چیی دەکەیت؟

**کبیر**: بە زمان ددانەکەنم دەژمێرم.

**کول:** من حەزم لەو شێوازی دەسپەڕکردنەی تۆ نییە. من دەبێ بە شێوازێکی تەواو جیاواز لە تۆ بیکەم.

**کییر:** دەیکەیت؟

**کول:** ئا، من گەر تۆ بام... بێگومان.

**کییر:** بەڵام تۆ من نیت.

**کول:** نا... گوتم گەر تۆ بوومایە.

**کییر:** بەڵام من تۆ نیم.

**کول:** نا... سوپاس بۆ خوا.

**کییر:** ئەوە شتی منە! شتی منە!

**کول:** بەڵێ؟

**کییر:** هەی منە.

[تاریکی]

[ڕووناکی]



دیمەنی ٢٠ E

(کول و کییر پێڵاوەکانیان لەپێ دەکەن. پێڵاوەکان تاکەوتاک لەپێ دەکەن. پێڵاوەکانیان لەگەڵ یەکتردا دەگۆڕنەوە. هەمدیس بە هەڵە، هەمدیس تاکەوتاک. هەڵدەسن، پەراوە دەکەن تا بزانن پێڵاوەکان چۆن چوونە پێیان. هەمیشە هەر هەڵەیە. یەک قسە ناکەن. لە نائومێدییەکی تەواودا دەست هەڵدەگرن)

[تاریکی]

[ڕووناکی]

دیمەنی ٢٠ F

**لوکا:** لەوێوە تێ دەپەڕێ. پێڵاوەکانی بە قەیتانەکانی بە دەوری پێیدا بەستووە. واتە پێی پەتییە. پێڵاوکانی سێ تا چوار دەسیمەتر لەدوایەوە دێن کاتێک ئەو بەسەر شانۆدا دەڕوا و دیارنامێنێ)

[تاریکی]

[ڕووناکی]

دیمەنی ٢٠ G

(کییر و کول وەدیار دەکەون، بەسەر شانۆدا پیاسە دەکەن بە پێڵاوەکانیانەوە کە بە پێیانەوە بەستراوە و، سێ تا چوار دەسیمەتر لە دوایانەوە دێ. دیارنامێنن)

[تاریکی]

[ڕووناکی]

دیمەنی ٢٠ H

**کییر:** چیی دەکا؟

**کول:** چیی دەکەیت؟

**کییر:** من هیچ ناکەم... تەماشای ئەو دەکەم.

**کول:** هیچ ناکەم... ئەو تەماشای خۆی دەکا.

**کییر:** ئەو نووستووە.

**کول:** لێ گەڕێ با بنوێ.

**کییر:** هەڵبەت ئەو بۆی هەیە هەر شتێکی نەفرەتی بکات کە من بمەوێ.

**کول:** (ڕادەکشێ. بۆ ساتێک بێ جووڵەیە، پاشان بە قاچێکی لەقەیەک لە لوکا دەدا) چیی دەکا؟

**کییر:** نازانم... وەک بڵێی...

**کول:** ڕەنگ بێ مردبێ.

**کییر:** ئا... بەڵام خۆ ئەوەش شتێکە بیکات.

**کول:** کەواتە وازی لێ بێنە ئەوە بکات... من تەنیا خەیاڵم لای ئەوەیە کە ئەو کێ بووە.

**کییر:** نازانم... هەرگیز نەمبینیوە.

**کول:** ئێستایش نەتبینیوە، تەنیا قوونیت بینیوە.

**کییر:** (شادمان) ئا، ڕێک وایە، منیش مەبەستم لەوەیە. من تەنیا... قوونی دەبینم.

**کول:** وەک بڵێی مردبێ. ئەوە چییە؟ ئەوە باش نییە.

**کییر:** ئەوە چییە؟



**کول:** ئەوە باش نییە.

**کییر:**دەکرێ شتێکی تێ بگرین؟

**کول:** نەء... پێشتر تێمان گرتووە... شتێکی تێ دەگرین... بەڵام...

**کییر:** چیی تێ بگرین؟

**کول:** [دوای وچانێک] ئەوە تۆ بوویت تێت گرت... نازانم.

**کییر:** کاردانەوەی هەبوو...

**کول:** نەء. کاردانەوەی نەبوو... وەک ئێستا.

**کییر:** وەک ئێستا... کاردانەوەی تاریک.

**کول:** لێ......ڵ...

**کییر:** لێ......ڵ

**کول:** ترسناکە.

**کییر:** لێڵ؟

**کول:** ترسێنەر. (تەماشا دەکا، ورد دەبێتەوە) تەماشای ئەو (کچە) بکە... ئەدی... ئەو... لەوێ. (ئەو ئیدی دیار نەماوە، سەرنجی هەر لەسەری ماوە).

**کییر:**ئا چییە.

**کول:** جوانە.

**کییر:** چۆن؟

**کول:** جوان...

**کییر:** ئەدی چۆن جوانە؟

**کول:** مەمکی.

**کییر:** مەمکی جوانە.

**کول:** ئا، بینیت؟

**کییر:**نەء. [وچانێکی درێژ] پیاڕانەگەیشتم. دە بنۆڕە... چ تاریکە، نەء.

**کـول:** من بینیم. [وچان] جـوانە. [وچان] مـەمکی جـوان. [وچان] جوانترین مەمکێک کە دەمێکە نەمدیوە.

**کییر:** ئا. چیی... ئەدی باشە تەنیا یەک دانەی هەبوو؟

**کول:** ئا.

**کییر:** یەک مەمک؟

**کول:** وەک من بینیم.. یەک دانە بوو... وەک من بینیم... لە لاوە... ئەو. [وچان] جـوانتـرین مـەمکی ئەمـڕۆ. جـوانتـرین مـەمکێک کـە دەمـێکە نەمـدیوە. بەڵام لێی دا! (بە قـاچی چەپ کـە ڕایەڵی کردووە، دەخولێتەوە، لەسەر قاچەکەی تری دادەنیشێت، چەند جارێک بۆ پێشەوە دەنووشتێتەوە، گیردەخوا)

**کییر:** وای.... چ مەمکێک؟

[تاریکی]

[ڕووناکی]

دیمەنی ٢١

**کول:** من دەمرم.

**کییر:** چ هەواڵێک. ئەدی چیی لەوێ دەگوزەرێ؟

**کول:** من دەمرم.

**کییر:** تۆ یەکەم کەس نیت.

**کول:** من دەمرم.



**کییر:** جا چییە، زۆربەی زۆری ئەو خەڵکە هێشتا لەدایک نەبوون.

**کول:** ئا بەڵام من منم... وەک.

**کییر:** تەماشای ئێرە بکە بزانە چییە. ئەمە... ئەمە ئەوەیە کە ئەوان خواردیان بەرلەوەی کە ئەو... تۆ دەزانیت، ئەو بە کونەکانەوە... لەسەر خاچەکە.. دەزانیت، تەنیا بزمارەکان ماونەتەوە، کە ئەو.. ئەو خۆی ڕاکێشا، ئەو تەنیا... هەروەها لەوێوە.

**کول:**کێ؟

**کییر:** ئەوەی ئەوێ... کە تاجە دڕکەکەی پێ بوو... لەوێ بە دەوری...

**کول:** بەڕاست، ئەو دەڵێی.

**کییر:** ناوی چییە؟

**کول:** بەڕاست. ئەو. [وچان] ئێستا.

**کییر:** نا ئێستا نا.... مەسیح.

**کول:** مەسیح.... عیسای مەسیح!

**کییر:** ئا، وایە.. مەسیح.... ئەو وێنەیە لەوێ بوو کاتێ ئەوان خواردیان بەرلەوەی... ئاوا بوو... شەو بوو... لەشەودا بوو... لێرە، لێرە... هەر هەموویان لێرە بوون.

**کول:** منیش.

**کییر:** بەڕاست؟[وچان] تۆ نا.[وچان] قەت تۆ نا، بەڵام لێت دا! پێت وایە....

**کول:** خۆش بوو بۆ ئەو کە شتێکی وەرگرت و خواردی بەر لەوەی کە... ئا، دەی.

**کییر:** ئا ئا. ئەی چیی، هەڵبەت هەریەکەیان وەریگرت.... هەڵبەت لە

سان کوێنتینیش وەریانگرت... هەمووان ژەمە خواردنێکیان بە دڵی خۆیان داوا کرد... بە ڕووتی لەوێ دانیشتبوون، خواردنیان داوا دەکرد.... بە گەورە، تۆ دەزانیت.

**کول:** تۆ داوای چ خواردنێک دەکەیت؟

**کییر:** ئاپفێل سافت، ئەی تۆ؟

**کول:** گێفیلتێ فیسچ.

**لوکا:** نازانم.

**کییر:** ئێستا گوو بەوە... بەڵام لێرە بوو کە ئەوان... یەک و دووان و وا... دانیشتبوون و دەیانخوارد. ئێستا کاتی خواردنە. ئێستا ئێمە ئاهەنگمان هەیە.

**کول:** نا، ئاوها نییە. ئەوان خواردوویانە. ئەوان لێبوونەتەوە. ئەوان لێ بوونەتەوە و باسی ئەوە دەکەن کە دەبێ کێ پارەکە بدات.

**کییر:** چیی بدەن؟

**کول:** فاتوورە، نەفرەت.

**کییر:** فاتوورە؟

**کول:** ئەو... ئەو پارەکە.... مەسیح پارەکە.... فاتوورەکە.

**کییر:** گووی تێ کە... گوو بکەرە ئەوەی کە دەبێ کێ پارەکە بدات. خۆ ئەو دەبێ بمرێ!

**کول:** ئا وایە. لە کۆڵ فاتوورە دانەکە دەبێتەوە.

**کییر:** خۆ ئەو دەبێت نەفرەت!

**کول:** ئا، من دەیدەم.

**کییر:** ئەدی چ قەیدی دەکات... نا من دەمەوێ... من نامەوێ... من



گووی تێ دەکەم... من باسی ئەوە دەکەم... هەڵبەت هەر کەسە و پارەی خۆی بدات، بۆ هەر شتێک کە خواردوویانە و بەو جۆرە هەڵبەت ئەوە تەنیا.. بەڵام بنۆڕە کە ئێستا یەکێکیان لەوێیە... خۆ ئەو لەوێیە.. یەهووزا وەک... خەڵک لە زمانەوە دەدا وەک... کێ بوو کە پێی گوت کە مەسیح، ئەو دێت، ئەو پادشایەکی قورمساخە، ئەو... ئێستا ئەوە، ئەو ئەمرۆ دێتە ئێرە، بۆ لای ئەوەی کە بڕیاری دا کە ئەوە دەبێ چۆن بێ و ئەمەی گوت.

**کول:** ئەو، ئا.

**کییر:** چ ژیانێکی لەعنەتییە. ئاوها ئەوان تەلەفۆنیان کرد.... پۆلیسیان تێ گەیاند، ئاوها لە.... لە پەرستگاکە لەوێ... کاتێ بە شتە تووڕەهاتەکانیان ڕاگەیشت، ئەوسا ئەوان کەللەیی بوون... نا، بەڵام ئەو بەردەوام لەگەڵ ئەو فریسییانەدا شەڕ و هەرای بوو.

**کول:** من.... هەمە.

**کییر:** ئێستا سەیریان کە هەموو ئەوانەی ئەوێ، ئێستا پێم بڵێ پێت وایە کێیە؟ کێ؟

**کول:** بەڵێ؟

**کییر:** بەڵێ؟

**کول:** چیی؟ ئەوە باسی چیی دەکەیت؟

**کییر:** باسی هیچ ناکەم! ئەوە کێیە؟

**کول:** کێ؟

**کییر:** یەهووزا کێیە؟

**کول:** یەهووزا؟ خۆ تۆ باسی مەسیحت دەکرد.

**کییر:** ئا بەڵام من باسی یەهووزام دەکرد؟ کامیان لەوانەی ئەوێ ئەوە؟

**کول:** نازانم.

**کییر:** بنیام دەتوانێ ئەوە ببینێت، بنیام ناتوانێ.

**کول:** بە دڵنیاییەوە یەکێکیانە... خۆیەتی، قڵافەتێکی قورمساخانەی پێوەیە.

**کییر:** ئەو؟

**کول:** ئا. پێم وایە.

**کییر:** هەڵبەت ئەو قڵافەتێکی قورمساخانەی لەوەی ئەوێ زیاتر نییە.

**کول:** ئا پێم وایە.

**کییر:** ئەی ئەوەی ئەوێ.

**کول:** ئەوەی ئەوێ. ئا پێم وایە.

**کییر:** ئەو؟

**کول:** قورمساخ.

**کییر:** وای گوت؟

**کول:** هەموو پێرەکە قڵافەتێکی قورمساخانەیان هەیە.

**کییر:** ئا، ئەوە ڕای خۆتە.

**کول:** ئەوە ڕای خۆمە. ئەوە ڕای خۆمە. ئەوە ڕای بنچینەییی خۆمە، ڕای بە یاسا دانراوی خۆم... ئا!

**کییر:** چیت گوت؟ بەڵام گوتی کەسێک گوتی کە کەسێک گوتی ئەوان دانیشتن و ئەوان دانەنیشتن و ئەوان خواردیان کە ئەوان لەوێ، ئەوان لەوێ... ئەوان لە ماڵەکەدا نەبوون، ئەوان لەسەر سەربانەکە بوون چونکە ئەوان... کە ئێستا، نا، کە هەبوون.... نا، نا نەء نەء... نا لەوێ نا، چونکە ئەوە لە سەرەوە بوو، لەسەرەوە لە سەربانەکە، جێگە کەم بوو لەبەرئەوەی هەموویان



بوون... لە دەرەوە دانیشتن.. تەواو سادە لە دەرەوە.. لە شەودا.

**کول:** وەک ئێمە. وەک لاس پالماس.

**کییر:** وەک ئێمە ئا. [وچانێکی کەم] قسەی قۆڕ. ئەو لاستیکە ڕەنگکراوانە لە کوێ بوون؟

**کول:** چیی؟

**کییر:** ئەو لاستیکە ڕەنگکراوانە لە کوێ بوون؟

**کول:** چیی؟ کامە؟ ئەوانەی کە... ئێمە... کە... دانیشتین.

**کییر:** نا، ئەوانەی کە هەتبوون... ئەوانەی ئەو دوورە. ئەوانە دوورن. ئەدی تۆ ژنت هێنا بوو؟

**کول:** ژنم هێنا بوو، خۆ ئەوان پێڵاو بوون.

**کییر:** ئەدی تۆ ژنت هێنا بوو؟ ژنێکت هەبوو؟

**کول:** ژنم هەبوو؟

**کییر:** کەسێک کە وەک ژنێک بێ و دەستی لێ بدا. وەک ئاسمان و دەستی لێ بدا، نا... ئەو، ئەوەی ئەوێ، کە تاجی دڕکی پێ بوو.

**کول:** ئا.... کە وایە ئەوە لەگەڵ ئەودا بکە.

**کییر:** کێ؟

**کول:** ئا، ئەو... لەگەڵ مەسیحدا.

**کییر:** مەسیح، ئا... نەء...گەر من.... من دەبێ... گەر من... گەر من... ئەوێی ماچ کەم... ئەوێی ماچ کەم... دەمی... ماچ کەم.

**کول:** دەمی ئەو؟

**کییر:** دەمی. دەمی ئەو... لەو سەرەوە....

**کول:** لەو سەرەوە

**کییر:** [وچان] ئەو لە خوارەوەیە.

**کول:**منیش لەوێم. لە خوارەوەم.

**کییر:** ئەوان ئەویان داگرتۆتە خوارەوە.

**کول:** هەمیشە لە خوارەوە. لێرە لە خوارەوە. خوارووترین لە دەمارەکانا.

**کییر:** ئەوان وایان کرد. ئەوان وایان گوت. ئیدی لەوێ ئاوها بوو. شوێن لەوێ ئاوها بوو. ئا، تۆ دەزانیت... کورسییەکان ئاوها بوون. ئەوە کورسییەکان بوون. ئەوە کورسییەکان و کورسییەکان بوون لە ژوورەکەدا. ئیدی ئەوسا پاڵتۆکانیان پێدا هەڵواسین، چاکەتەکان، پاڵتۆکان بوون، پاڵتۆ زستانەکان. کات زستان بوو. بەفر گوواوی بوو.

**کول:** ئەدی کوا پاڵتۆکەم؟

**کییر:** لەوێ هەڵی واسە. پاڵتۆکە... و زۆر. هەموو. هەموویان بوون.

**کول:** لە کوێ بوون؟

**کییر:** ڕۆیشتبوون. بە شتێک مردبوون. هەستە... لەوێ نا! ئەوان خۆیان دەرباز کردبوو!

**کول:** خۆیان دەرباز کردبوو؟ [وچان] بۆ کوێ؟

**کییر:** ئیتر وایە... ئیتر وایە... هیچ کەسێک نییە کە... نەء، تەنیا من. [وچان] من دەڕۆم.

**کول:** منیش.

[تاریکی]

[ڕووناکی]



(کاتێک ڕووناکی هەڵدەبێ، ژوورەکە تەواوێک چۆڵە، جگە لە سێ زینی گەورەی ڕەشی ئەسپ کە لەسەر ئەرزەکە دانراون، کول، کییر و لوکا دێنە ژوورەوە و قاپەکانیان بە دەمەوەیە. خۆ دەچەمێننەوە)

[تاریکی]

[ڕووناکی]

(سێ قولاپی قەسابی لە بنمیچەکەوە دێنە خوارەوە)

[تاریکی]

[ڕووناکی]